# بیبلیۆگرافیای ناسێنراو و پۆلێنکراوی
# کتێبی تایبەت بە کورد و کوردستان ۱۹۲۵- ۲۰۱۰

**بەرگی یەکەم: مێژوو (لە سەرەتاوە تا یەکەم جەنگی جیهانی)**

# بیبلیۆگرافیای ناسێنراو و پۆلێنکراوی

# کتێبی تایبەت بە کورد و کوردستان ١٩٢٥- ٢٠١٠

بەرگی یەکەم: مێژوو (لە سەرەتاوە تا یەکەم جەنگی جیهانی)

ئامادەکردنی: بوار نورەدین

## پێشەکی

د. حوسامەددین نەقشبەندی

پ.ی عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

## زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
## ژمارە ٦٢١

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

ناوی کتێب: بیبلیۆگرافیای ناسێنراو و پۆلێنکراوی کتێبی تایبەت بە کورد و کوردستان: ١٩٢٥- ٢٠١٠ (بەرگی یەکەم: مێژوو)
ئامادەکردن: بوار نورەدین
پێشەکی: (د. حوسامەددین نەقشبەندی) و (پ.ی عەبدوڵڵا عەلیاوەیی)
پێداچوونەوەی زمانەوانی: ڕێبوار حەمەتۆفیق
دیزانی ناوەوە: بوار نورەدین
دیزاینی بەرگ: یاسین حسین
نۆبەتی چاپ: یەکەم- چاپخانەی (سەردەم) سلێمانی- کوردستان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٦٠٠٠ دینار
لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٧١٠ی ساڵی ٢٠١٢ی پێ دراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.serdem.org
kteb@serdem.org

**پێشکەشە بە:**

- **مستەفا نەریمان:**

**سوارچاکی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی**

- **میر عەبدال خانی بدلیس:**

**دامەزرێنەری دیارترین کتێبخانەی کوردستان**

- **حسێن حوزنی موکریانی:**

**کە یەکەم کتێبی مێژووی کوردی بە زمانی کوردی چاپ کرد**

چاوم کزبوو، ئەوەندەی بە دوای کتێبدا بگەڕێم،
زارم تکا، ئەوەندەی تکای کتێب بکەم،
دەستم شکا، ئەوەندەی کتێب هەڵبگرم،
زمانم سوا، ئەوەندەی لاپەڕەی کتێب هەڵبدەمەوە،
خنکام، ئەوەندەی تۆزی کاغەز هەڵبمژم.

## ناوەرۆك


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| لیستی ناوی نووسەران بەپێی لاپەڕە | |
| لیستی ناوی وەرگێڕەكان بەپێی لاپەڕە | |
| سوپاس و پێزانین | ١١ |
| پێشەكی: د. حوسامەددین نەقشبەندی | ١٣ |
| پێشەكی: پ. ی عەبدوللا عەلیاوەیی | ١٧ |
| وەك سەرەتایەك | ١٩ |
| بەسەركردنەوەیەكی بیبلیۆگرافیای كتێبی كوردیی | ٢١ |
| لیستی بیبلیۆگرافیا كوردییەكان | ٢٥ |
| بایەخ و پێویستی ئەم جۆرە بیبلیۆگرافیایە | ٢٨ |
| چۆنێتی دەستپێكردن و ئەنجامدان | ٣٣ |
| گرفتەكانی جێبەجێكردن | ٣٤ |
| چۆنێتیی نووسینەوە و ئامادەكردن و ناساندنی كتێبەكان | ٣٨ |
| هێما بەكارهاتووەكان | ٤٤ |
| شێوازی پۆلێنكردن و جیاكردنەوەی كتێبەكان | ٤٥ |
| كورتەیەك لە بارەی بەرگەكانی تری ئەم بیبلیۆگرافیایەوە | ٤٩ |
| ناوەرۆكی بیبلیۆگرافیاكە.... | ٥١– ٣٥٨ |
| پاشكۆ: | ٣٥٩ |
| چۆنیەتی ئامادەكردنی لیستی نووسەر و وەرگێڕ | ٣٦١ |
| لیستی ناوی نووسەران | ٣٦٣ |
| لیستی ناوی وەرگێڕەكان | ٤٠٧ |

# لیستی ناوی نووسەران بەپێی لاپەڕە


| تیپی سەرەتای ناوی نووسەر | ژمارەی لاپەڕە | تیپی سەرەتای ناوی نووسەر | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| **ئـ** | ٣٦٣ | **ش** | ٣٨٢ |
| **ب** | ٣٦٨ | **ع** | ٣٨٤ |
| **پ** | ٣٦٩ | **ف** | ٣٨٩ |
| **ت** | ٣٧٠ | **ڤ** | ٣٩٠ |
| **ج** | ٣٧١ | **ق** | ٣٩١ |
| **چ** | ٣٧٢ | **ك** | ٣٩٢ |
| **ح** | ٣٧٣ | **گ** | ٣٩٤ |
| **خ** | ٣٧٥ | **ل** | ٣٩٤ |
| **د** | ٣٧٦ | **م** | ٣٩٥ |
| **ر** | ٣٧٧ | **ن** | ٤٠١ |
| **ز** | ٣٧٩ | **و** | ٤٠٢ |
| **ژ** | ٣٧٩ | **هـ** | ٤٠٣ |
| **س** | ٣٨٠ | **ی** | ٤٠٤ |

# لیستی ناوی وەرگێڕان بەپێی لاپەڕە


| تیپی سەرەتای ناوی وەرگێڕ | ژمارەی لاپەڕە | تیپی سەرەتای ناوی وەرگێڕ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| **ئـ** | ٤٠٧ | **ش** | ٤١٩ |
| **ب** | ٤١٠ | **ع** | ٤٢٠ |
| **پ** | ٤١٠ | **ف** | ٤٢٣ |
| **ت** | ٤١١ | **ق** | ٤٢٣ |
| **ج** | ٤١١ | **ك** | ٤٢٤ |
| **ح** | ٤١٢ | **ل** | ٤٢٤ |
| **خ** | ٤١٤ | **م** | ٤٢٥ |
| **د** | ٤١٤ | **ن** | ٤٢٨ |
| **ر** | ٤١٤ | **و** | ٤٢٩ |
| **ز** | ٤١٦ | **هـ** | ٤٢٩ |
| **ژ** | ٤١٧ | **ی** | ٤٣٠ |
| **س** | ٤١٧ | | |

## سوپاس و پێزانین

بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە بنووسم، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هاوکاری ئەم پرۆژەیەیان کرد:

- (د. حوسامەددین نەقشبەندی) کە لە نزیکەوە ئاگای لە پرۆژەکەم بوو و پێشەکی بۆ نووسیم.
- (پ.ی عەبدوڵڵا عەلیاوەیی) کە ئەرکی پێداچوونەوەی لە ئەستۆ گرت و پێشەکی بۆ نووسیم.
- (ڕێبوار حەمەتۆفیق)ی هاوڕێم، کە لە ڕێنووسکردن و زۆرێک لە وردەکارییەکانی پرۆژەکەم، هاوکاری کردم.
- هەموو ئەندامانی خێزانەکەم، بەتایبەت (برووسک)ی کوڕم و (ساو)ی کچم.
- هەموو ئەو شوێنانەی کە ڕێگەیان پێ دام (کتێبخانە)کانیان بەسەر بکەمەوە، بەتایبەت بنکەی ژین، کە دەیان کتێبی سکانکراویان خستە بەر دەستم، هەروەها (ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد) کە زۆرترین کتێبم لێ وەرگرت...
- (ئەڤین جەبار) و (فەرەیدوون قەنبەروەیسی) لە کتێبخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد.
- (محەممەد تەقی هاشمی) و (سۆزان ئیبراهیم عەلی) لە کتێبخانەی بنکەی ژین.
- (محەممەد فەتاح قادر) ناسراو بە حەمەی مەکتەبە و (شەوبۆ عەزیز) لە کتێبخانەی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك).
- (محەممەد کوردۆ) و (سوعاد حەسەن محێدین) و (شوعلە عومەر حەمە) و (ئامانج حەسەن مەحموود) لە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- (ئارارات مستەفا) و (کەلسووم محەممەد ئەحمەد) و (شیرین ڕەشید ئەمین) و (لایەقە ڕەشید ئەمین) کارمەندانی کتێبخانەی گشتی سلێمانی.
- (هەژار جوانڕۆیی) خاوەنی کتێبخانەی ئەندێشە و (کاژاو جەمال) خاوەنی کتێبخانەی هاوڵاتی لە سلێمانی.
- (گۆران عەبدولهادی تەها) لە دەزگای ئاراس.
- (حەسەن یاسین) لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.
- (ئاواز عەتا ساڵح) و (تەیب مەحموود دەروێش) لە کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

هەروەها هەموو ئەو بەڕێزانەی کە کەم و زۆر هاوکارییان کردووم...

# پێشەکی[1]

د. حوسامەددین عەلی غالب نەقشبەندی
(پسپۆڕی مێژوو و شارەزا لە بیبلیۆگرافیادا)

هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی ناسێنراوی تایبەت بە (کورد و کوردستان) کە بەزمانی کوردی چاپ و بڵاو بووەتەوە، کارێکی بایەخدار و بەکەڵك و گرنگە، ئەمەش لەپێناو کارئاسانی و دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی کە خوێنەر یان لێکۆڵەر لێی دەگەڕێن، بەمەش کۆشش و کاتیان بۆ دەگەڕێتەوە.

لێکۆڵەر (بوار نورەدین) درێخی لە تەکنیکی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا نەکردووە کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەردایە. تەنها بە زانیاری لەبارەی: ناوی نووسەر، ناوی کتێب، شوێنی چاپ، ساڵی چاپ، ژمارە و قەوارەی لاپەڕە... نەوەستاوە، بەڵکو خوێنەران و لێکۆڵەرانی لە ناوەرۆکی کتێبەکانیش ئاگادار کردووەتەوە، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمەیە بیبلیۆگرافیای ناسێنراو؟ چونکە بەم تەکنیکە، هاوکاریی و کارئاسانی تەواوی ئەو کەسانە دەکات، کە وێڵی دەستکەوتنی زانیاریین.

تائێستا کۆمەڵێك بیبلیۆگرافیای تایبەت بە کتێبی کوردی لەبارەی (کورد و کوردستان)ـەوە ئامادە کراوە، بەڵام زۆربەیان تەنها وەك داتای ناوی نووسەران و ناوی کتێب... کاریان کردووە، تەنانەت هەندێکیان ناوی وەرگێڕیان بێ ناوهێنانی (نووسەر) نووسیوە، کە ئەمانە بە بیبلیۆگرافیای ناتەواو دادەنرێن، جگە لەمانەش، کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆریان تێکەڵ کردووە، وەك: زمان، هۆنراوە، مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، دابونەریت، ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکان، بیرەوەریی و... تد، لەلایەکی تریشەوە، تووشی هەڵە بوون، ئەویش بە تێکەڵکردنی (کتێب) لەگەڵ بابەتی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، هەروەها زۆربەی ئەوانەی کە ئەم جۆرە بیبلیۆگرافیایانەیان ئامادە کردووە، هیچ بنەمایەکی زانستییان لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاکانیاندا پێڕەو نەکردووە؟ چونکە بنەمای ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا، ئەمەیە کە ببێتە ڕێنما و سەرچاوە بۆ خوێنەران و لێکۆڵەران، کە بەشێوەیەکی ئاسان و بێ هیچ ئاستەنگ و کات

---

١- ئەم پێشەکییە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

بـەفیرۆدان و تەنانـەت کـەمترین خـەرجی، زانیارییـان لـەبارەی ئـەو بابەتانـەوە دەست بکـەوێت، کـە دەستنیشانیان کـردووە، کـە ئایا لـە نـاوەرۆکی چ کتێب و سەرچاوەیەکدا باسوخواستی لەسەر کراوە؟

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، کۆمـــەڵێك بیبلیۆگرافیـــای زانـــستی لەلایـــەن هەنـــدێ ئەکادیمییـەوە، لـە بـارەی (کـورد و کوردسـتان)ـەوە ئامـادە کـراوە، کـە پێویـستە ئاماژەیان پێ بدەین... وەك ئەو بیبلیۆگرافیایـەی کە (د. کـەمال مەزهـەر) ئامادەی کـردووە، هـەروەها ئـەو دوو بیبلیۆگرافیایـەی کـە (د. نـەجاتی عەبـدوڵڵا) ئامادەی کردوون...[1] ئەمە جگە لە هەندێ کاری زانستی وەك ئەوەی کە (لقمان . م. محو) بـەناوی (بیبلیوغرافیـا مختـارة ومعرفـة) ئامـادەی کـردووە، کـە لـەبارەی ئـەو کتێبانەوەیە کە بە زمانانی تر لەسەر (کورد و کوردستان) نووسراون و بۆ زمـانی عـەرەبی وەرگێـڕدراون، هـەروەها سەرچـاوەی وەك (بیبلیوغرافیـا منتحبـة)ی لێکۆڵەری خوالێخۆشبوو (حسین فەیزوڵڵا جاف) کە یەکێکە لەو دەستخەتانەی کە لـە کتێبخانـەی (کـۆڕی زانیـاری عێـراق) هـەڵگیراوە، کـە ئەمـەی دواییـان، بیبلیۆگرافیایـەکی ناسـێنراوە، نووسـەری ئـەم پێـشەکییەش لـە سـاڵی ۲۰۱۱دا بیبلیۆگرافیایەکی چاپ و بڵاو کردەوە...[2] کە بیبلیۆگرافیەکی ناسێنراوی تایبەت بە مێژووی کورد و کوردستانە، لەهەمان کاتدا، سەرچاوەکانی ناساندووە.

بیبلیۆگرافیا، بە چەند شێوازێکی جیاواز ئامادە دەکرێت، کە هەیانە بەپێی تیپـی سـەرەتای نـاوی نووسـەران و هەشـیانە بـەپێی تیپـی سـەرەتای نـاوی کتێبـەکان ڕێـك دەخرێـت، هـەروەها بیبلیۆگرافیـا هەیـە کـە بـەپێی مێـژووی بابەتەکان (تسلسل زەمەنی) ڕێك دەخرێت، واتە، سەرەتا مێژووی کۆن، ئینجا مێـژووی سـەدەکانی ناوەڕاسـت، دواتـر مێـژووی نـوێ، لـە کۆتاییـشدا مێـژووی هاوچـەرخ. بیبلیۆگرافیـاش هەیـە کـە بـەپێی مێـژووی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کتێبەکان ئامادە دەکرێت، ئەمەشیان ئەوەیە کە لێکۆڵەر (بوار نورەدین) پشتی پــێ بەســتووە، هــەروەها لــەپێناو کارئاســانی لــە ناســاندنی نووســەران و کتێبەکاندا، پاشکۆیەکی بۆ ناوی نووسەران و وەرگێڕەکان ئامادە کردووە، کە

---

١- ئەوەی ڕاستی بێت (د. حوسام) ناسنامەی تەواوی ئەم کتێبانـەی لەپێشەکییەکەدا نووسیبوو، لەبەرئـەوەی کە چەند لاپەڕەیـەك دواتـر و لە لیستی بیبلیۆگرافیا کوردییەکاندا، ناسنامەی تـەواویان بۆ کـراوە، بۆئـەوەی دووبارە نەبنەوە، لێرە لابران... بڕوانە لیستی ناوبراو، بیبلیۆگرافیای ژمارە: ٤، ٢٠، ٢١

٢- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: ما ألف عن تأريخ الكرد وكردستان باللغه العربية والمعربة حتى عام ٢٠٠٧م (بيبلوغرافيا متخصصة ومعرفة)...، وضع وأعداد: د. حسام الدين علي غالب النقشبندي، من منشورات بنكەی ژین، م "شڤان"، السليمانية، ٢٠١١

ناوەکانیشی بەپێی ڕیزی تیپەکان ڕێك خستووە و لەژێر ناوی هەر نووسەر و وەرگێڕێکیشدا، ناوی کتێبەکانی لەگەڵ ژمارەی کتێبەکەدا داناوە، ئەمەش وایکردووە کە کارەکەی بێوێنە بێت و بۆ یەکەم جارە کە بیبلیۆگرافیا بەم شێوەیە ئامادە بکرێت.

کاتێك ئەم بەرگی یەکەممان خوێندەوە، کە تایبەت بە (مێژوو)ە، لەگەڵ ئەو زانیارییانەش کە لەبارەی بەرگەکانی ترەوە نووسیویەتی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کۆششێکی زۆر و کاتێکی دوورودرێژی لەگەڵدا بەسەر بردووە، کە ئەمەش لەلایەن خوێنەر و بەکاربەری بیبلیۆگرافیاکەوە ئاشکرایە، لەهەمان کاتدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەم کارەیدا، ڕەنجی زۆری کێشاوە و توانیویەتی زۆرترین سەرچاوە دەستەبەر بکات و بەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراودا، دابەشیان بکات... هەروەك لە چیرۆکی پێشەکییەکەشیدا دەردەکەوێت، کە لەپێناو تەواوکردنی کارەکەیدا، ئەمسەر و ئەوسەری زۆری کردووە و کۆمەڵێك کتێبخانەی گشتیی و تایبەتی بەسەر کردووەتەوە، واتە هەوڵی دۆزینەوەی هەموو ئەو سەرچاوە چاپکراوانەشی داوە کە لە بارەی (کورد و کوردستان)ـەوە بە زمانی کوردی چاپ بوون... بەڵام سەرەنجام بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بووە و لەکۆتاییدا توانیویەتی تەنها لەبەرگی یەکەمدا، زۆرتر لە ٤٠٠ کتێبی چاپکراو ئامادە بکات...

هەموو ئەمانە، ئەوەمان نیشان دەدەن کە لە ئامادەکردن و دەرخستنی ئەو سەرچاوانەدا، چەند ڕەنج و ماندووبوونی کێشاوە. هیوادارم کە لەپێناو خزمەتکردنی زۆرتری زانست و مەعریفەدا، خوا یارمەتی بدات.

٢٠١٢/٨/٥- سلێمانی

# پێشەکی

پ.ی عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
(سەرۆکی کۆمەڵەی ئینسکلۆپیدیای کوردستان)

دە ساڵ دەبێ کە لەگەڵ کاک بواردا شوناسیم هەیە و لە نزیکەوە ئاگاداری جموجوڵەکانیم، لەبواری پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردیدا، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە لێکۆڵەرێکی باشە... خوێنەری ئەکادیمیش هەست بەمە دەکات. تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی، مێژوویی، کەلتووریی، کۆمەڵایەتیی و... بە چاپ گەیاندووە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زۆرتر سەرنجی ڕاکێشام، ئەم کارە مەزنەیە (بیبلیۆگرافیای ناسێنراو و پۆلێنکراوی کتێبی تایبەت بە کورد و کوردستان...) کە نزیك بە ٥ ساڵە خەریکی ئامادەکردنیەتی.

لەنزیکەوە و بە وردی، ئاگاداری ئەم ئەرکە نەتەوەیی و کارە زانستییەی بووم، زۆر جاریش پرس و ڕای پێ کردووم و هەر لەسەرەتاوە، دەشتخۆشیم لێ کردووە و هانم داوە، ئەگەرچی ئەم کارە گران و قورس بوو، بەڵام بڕوام وابوو کە شاسوارێکی ئەم جۆرە کارانەیە؟ چونکە کاری لەم جۆرە ئەستەمە تاکە کەسێك بتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو ئەمە کاری کۆمەڵە کەسێکی بەتوانا و شارەزایە لە بوارە جیاکانی ڕۆشنبیریی و کەلتووری کوردیدا.

ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت لەسەر کتێب و کتێبخانەی ئەو گەلانەی کە ژێردەستە بوون، یاخود لەمێژ نییە سەربەخۆییان وەرگرتووە. بەتایبەتتریش بۆ گەلێکی وەك کورد و کتێب و کتێبخانەی کوردیی، کارێکی سەختترە... بەڵام خۆشبەختانە، هەمیشە کورد شاسواری وای هەبووە کە نەترس بێت و بوێرانە بتوانێ بەردی بناغەی کاری لەمەش گرانتر دابنێت.

بیبلیۆگرافیا و ئینسکلۆپیدیا و فەرهەنگ و ئەم جۆرە کارانە... هۆکاری پێشکەوتنی بواری ڕۆشنبیری و نیشانەی شارستانی نەتەوەکانن؟ چونکە بوونی ئەم جۆرە زانستانە لە کتێبخانە جیهانییەکاندا، وەك بڵاوێزی کەلتووری نەتەوەکان، ئەرکی خۆیان دەگەیەنن، بێگومان دەبنە هۆی کارئاسانی بۆ ئەو خوێندکار و ڕۆشنبیرانەی –کورد و بیانی– کە دەیانەوێ لەبارەی کورد و کوردستانەوە، زانیارییان دەست بکەوێت.

ئەگەر لێرەدا کورتی بکەمەوە، دەتوانم ئاماژە بە چەند هۆکارێك بدەم کە بوونەتە هۆی دواخستنی پڕۆژەی نەتەوایەتی لەمجۆرە:

یەکەم: دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکدا.
دووەم: نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی و نووسین بە چەند زاراوە و تیپێك.
سێیەم: بارودۆخی سیاسی کوردستان، لەسەرهەڵدانی شۆڕش و گرتن و سووتاندن و... کوشتنی خەڵك بە ناپاڵم و کیمایی و ئەنفال... کە ئەمانە جگە لە قڕکردنی مرۆڤی کورد، ئەرشیڤی نەتەوایەتی کوردستانیشیان وێران و تالآن کرد.
چوارەم: هەرچەند حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەند ساڵێکە لەسەر پێی خۆی وەستاوە، بەڵام بەداخەوە لەپێناو زامنکردنی دواڕۆژی ڕوون و ڕۆشنی ئێستا و داهاتووی کورد، بایەخی زۆری بە پرۆژەی نەتەوەیی لەمجۆرە نەداوە.
لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بڵێم، ئەم کارەی کە کاك بوار کردوویەتی، دەبوایە (ئەکادیمیای کوردستان) بیکردایە، کە مەخابن -بەئاگاداری خۆم- هەوڵی زۆری لەگەڵ دان، کە لەتەواوکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی، یارمەتی بدەن، بەڵام هیچ ئاوڕیان لێ نەدایەوە؟ جگە لەمەش و بۆ هەمان مەبەست، لە زۆر دەرگای تر درا، کە بەداخەوە هەموویان بێ ئاکام و ئەنجام بوون...؟ تەنانەت بۆ خۆم دووجار داوام لە (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) کرد کاتێك کە سەرۆکی کابینەی شەش بوو، هەرچەند جوامێرانە وەڵامی داینەوە و پرۆژەکەی پەسند کرد... بەڵام لەخوار ئەوەوە، دووجار ونیان کرد؟ کە لە ڕووم نەهات سێبارەی بکەمەوە...
هەر لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) بکەم؟ چونکە دەستیان بە ڕوویەوە نەناوە و (بەرگی یەکەم)ی بۆ چاپ دەکەن، بەڵام ئەی نۆ بەرگەکەی تر؟! هیوادارم کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی، ئەم ئەرکە پیرۆزە بخاتە ئەستۆی خۆی و بەرگەکانی تریشی چاپ و بڵاو بکرێنەوە.
لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتنە پێش کاك بوارەوە، ئاسان نەبوون، بەڵام خۆڕاگری و ئارامیی و باوەڕی بە دواڕۆژی گەلەکەمان، وای لە بوار کرد چۆك نەدات... زوو زوو ئاگاداری دەکردمەوە کە بەردەوامە، وا ئێستاش بەرگێکی دەگاتە بەردەستی ڕۆشنبیرانی کورد، کە خۆزگە دەخوازم هەوڵی وەرگێڕانی بۆ بدرێت. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، نەك هەر لەم پرۆژەیەدا، بەڵکو لەکار و خزمەتی تری گەلە خۆشەویستەکەمان.

٢٠١٢/٨/١- هەولێر

## وەك سەرەتايەك

لەگەڵ دامەزراندنی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد لە ساڵی ٢٠٠٣دا و دەستبەکاربوونم لەم دەزگایەدا، سەرەتا وەك (کارمەندی کتێبخانە)، دەستنیشانکرام و ماوەی چەند ساڵێك کەوتینە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو کتێبانەی کە پەیوەندییان بە کەلتووری (کورد و کوردستان)ـەوە هەیە... تا ساڵی ٢٠٠٧ یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانم، کۆکردنەوە و پەیداکردنی کتێب و سەرچاوەکان بوو... ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی زۆرتر بچینە نێو جیهانی کتێب و کتێبخانەی کوردییەوە و (بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری ١٨٦٠-٢٠٠٤) ئامادە بکەین. لەوێدا گفتێکمان دا کە بیبلیۆگرافیای بەشەکانی تری کتێبی کوردی ئامادە بکەین... دوای بڵاوبوونەوەی بیبلیۆگرافیای ناوبراو، کارەکە و شێوازی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاکە، جێگەی خۆشحاڵیی و دەستخۆشی پسپۆران و بەتایبەتیش فۆلکلۆریستان بوو، ئەمەش وای کرد کە لەسەر هەمان شێواز، کار بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی بەشەکانی تری کەلتووری کورد بکەین.

سەرەتا، بیرمان لەوە کردەوە کە کار لەسەر کتێبە مێژووییەکان بکەین و وەك (بەرگی دووەم) ئامادەی بکەین و دواتر بەرگەکانی تریش ئامادە بکەین، کاتێکیش دەستمان پێ کرد، ئەوەمان بۆ ئاشکرابوو کە جیاکردنەوەی کتێبە مێژووییەکان، کارێکی هەروا ئاسان نییە، هەروەها پێویست دەبێت کە لەداهاتوودا، دووبارە بۆ کتێبی بەرگەکانی تر بگەڕێین، ئەمەش ئاستەنگی زۆرتر و تووشی کاری دووبارەی دەکردین و کاتمان زۆرتر بەفیڕۆ دەڕۆیشت... لەبەرئەمانە، ناچار بووین پرۆژەکە فراوانتر بکەین.

لەهەمان کاتدا، دیاریکردنی ئەم چەند تەوەرە و ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا بۆ هەر یەکێکیان و چاپکردنی وەك بەرگێك، واتە کۆکردنەوەی هەندێکیان و فەرامۆشکردنی هەندێکی تریان، بە جۆرێکی تر تووشی ئاستەنگ و گومان و دڵەڕاوکێی کردین... دواجار و لەئێستادا، بڕیاری جیاکردنەوەی ١٠ بابەتی (کتێبی کوردی)یمان دا، کە هەریەکێکیان لەبەرگێکدا ئامادە و چاپ بکرێن... ئەگەر تەمەن ڕێگەی دا، هەوڵی تەواوکردنی ئەوانی تریش دەدەین.

سەرەڕای ئەوەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا چەند کارێکی تریشمان لەبەردەستدا بووە، بەڵام لەم پرۆژەیەدا هەر بەردەوام بووین و فەرامۆشمان

نەکرد. لە ساڵی ٢٠٠٩ـەوە بەشێوەیەکی خێراتر کارمان لەسەر کرد، لە ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و چەند مانگی ٢٠١٢یش، هیچ وچان و کەمتەرخەمییەکمان لێ نەکرد و کۆکردنەوەی کتێب و داغڵکردنیان لە کۆمپیوتەردا، بووبووە کاری ڕۆژانەمان. بێگومان لەکاتی پشووی ڕۆژانە و هەفتانەدا، کارمان لەسەر ئەم پرۆژەیە کردووە؟ چونکە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، ڕۆژانە وەك کارمەندێکی ئاسایی، لە کار و چالاکییەکانی بەشی (چاپ و لێکۆڵینەوە)ی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورددا، کارمان کردووە...

دوای دەستپێکردن و فراوانبوونی پرۆژەکە، بە نیازی ئەوە بووین کە هەموو بەرگەکان بەیەکەوە ئامادە بکەین و وەك گرووپێك بە یەکەوە چاپ بکرێن، دوای ئەوەی کە هەموو ئەو لایەن و دەزگایانەی، هانامان بۆ بردن و لە پرۆژەکە ئاگادارمان کردنەوە، هیچیان ئامادەی هاوکاری کردنمان نەبوون، تەنانەت هیچیان گفتی چاپکردنی هەموو بەرگەکانیشیان پێ نەداین... ناچاربووین لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٢دا، بڕیاری جیاکردنەوە و یەکلایی کردنەوەی ناوەڕۆکی (بەرگی یەکەم) بدەین و ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە بکەین.

ئەم پرۆژەیە کارێکی نەتەوەییە و پێویستی بەوە هەیە کە لەهەر کاتێکدا، فراوانتر بکرێت و ناوەندێکی بۆ دابمەزرێنرێت، تاوەکو وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بە (بنکەی زانیاری کتێب)ی کوردی، چالاکانە لە پێشخستنی ڕۆشنبیریی کورد و کتێبی کوردیی و کتێبخانەکانی کوردستاندا، ڕۆڵێکی ئەکتیڤانەتر ببینێت؟ چونکە دوای فراوانبوونی پرۆژەکە، بیرمان لەوە کردووەتەوە، کە جگە لەوەی پێویستە هەر دە بەرگەکە وەك کتێب چاپ بکرێن و لە کتێبخانەکانی کوردستاندا، وەك سەرچاوەیەك بەکاربهێنرێن، لەهەمان کاتیشدا پێویستترە کە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی ئایتیدا، لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دابمەزرێنرێن، بێگومان ئەوکاتیش کەڵکی زۆرتر و فراوانتر دەگەیەنێت.

لەم سەرەتایەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەپێناو کەمترین بوواردندا، ڕەنگە بەرگی دووەم کە تایبەت بە (مێژووی هاوچەرخ)ـە، دوا بەرگ بێت کە ئامادەی چاپی بکەین؟ چونکە بابەتێکی بەربڵاوە و ئەگەری بوواردنی زۆرترە، هەر بەم هۆیەشەوە، ڕەنگە بیکەین بە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم: لە ساڵی ١٩٣٤ تا ساڵی ٢٠٠٠. بەشی دووەم: لە ساڵی ٢٠٠١ تا ساڵی ٢٠٠٥. بەشی سێیەم: لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ساڵی ٢٠١٠. هەروەها ڕەنگە بەرگی (سێیەم)یش بەهەمان هۆکاری بەرگی دووەم، کەمێك دوا بکەوێت.

**دوای ڕەنج و گەڕان و ماندووبوون و تێکۆشانی ئەم چەند ساڵە، لەگەڵ بوونی چەند پرس و گرفتێك -کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکرێت- وا ئەم بەرگەمان خستووەتە بەر دیدی خوێنەران و ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد، هیوادارین لە نزیکترین دەرفەت و کاتدا، بەرگەکانی تریش، تەواو و ئامادە بکرێن، هەروەها بتوانین ناوەند یان ڕێکخراوێکی تایبەت بەم پرۆژەیە بەناوی (بنکەی زانیاری عەبدالّ خانی بدلیس)ییەوە دابمەزرێت، کە ئاواتێکی لەمێژینەیە و هیوادارم بتوانین بەدی بهێنین...**

**لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرترین وردەکاریمان لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا کردووە و زۆر زۆریش پێوەی ماندووبووین، بەڵام بەبێ هیچ گومان و چەندوچوونێك، کارەکە کەموکورتی هەیە و هێشتا پێویستی بە ئاگادارکردنەوە و سەرنج و تێبینی هەیە، کە ئەمەش سروشتێکی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایە... هیوادارین بەهاوکاری ئێوە، بتوانین شوێنی کەموکورتییەکان دەستنیشان بکەین، تا لەداهاتوودا کەلێنەکان کەمتر بکرێنەوە.**

**بوار نورەدین**
**Bwar_n@yahoo.com**
**هاوینی ٢٠١٢**

## بەسەرکردنەوەیەکی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردیی

لەم سەرەتایەدا بەپێویستی دەزانین ئاوڕێك لە بواری بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی بدەینەوە. بەپێی گەڕان و کۆکردنەوەی سەرچاوە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، واتە دوای کۆکردنەوەی زۆرتر لە ٤٠٠٠ ناونیشان، بۆمان دەردەکەوێت کە کتێبخانەی کوردیی لە باری (بیبلیۆگرافیا)وە زۆر هەژارە. ئەوەتا نزیك بە ٢٠ کتێبمان هەیە کە ئاوڕیان لەم بەشەی کتێب و کتێبخانە و نووسەران دابێتەوە. ئەمانیش زۆربەیان وەك (داتا– لیست) ئەم کارەیان کردووە، واتە یان بەپێی ناوی نووسەر ئامادەیان کردووە، یان بەپێی ساڵ و ناونیشانی کتێب... کە لە هیچ کام لەم دوو جۆرەدا، ئاوڕ لە (ناوەڕۆك)ی کتێب نەدراوەتەوە، بەواتایەکی تر ئەگەر خوێنەر بیەوێت ئەم کتێبانە بەکار بهێنێت، ئەوا ناچار دەبێت کە لە ڕێگەی (ناونیشان)ی کتێبەکانەوە، ناوەرۆکی کتێبەکە مەزەندە بکات؟ لەکاتێکدا، تاکو بەئێستاکەش دەگات، زۆربەی کتێبە کوردییەکان لە ڕێگەی ناونیشانەوە، کرۆك و باسوخواسیان بەتەواوی دەرناکەوێت. یان پێویست دەکات کە هەموو کتێبەکە بخوێنرێتەوە، ئەوکاتیش مەرج نییە ئەو بابەتەی کە لێی دەگەڕێیت، بەتەواوی بیدۆزیتەوە...؟!

لەکاتێکدا کار و ئەرکی (بیبلیۆگرافیا)، تەنها بۆ ئەوە نییە کە زانیاریت لەسەر ئەوە بداتێ کە ئایا چەند کتێبی کوردی هەیە؟ یان فلان نووسەر و وەرگێڕ، چەند کتێبیان هەیە؟ بەڵکو زۆرتر بۆ ئەوەیە کە یارمەتی لێکۆڵەران بدات، تا بزانن کەی و کێ و چی و چۆن؟ لە بارەی ئەو بابەتەوە نووسراوە کە دەیانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. ئەمە جگە لەو بارودۆخەی کە (کورد و کوردستان)ی پێدا تێپەڕ بووە... ئەگەر کورتی بکەینەوە، ڕەنگە بتوانین بڵێن: ئامادەکردنی ئەو جۆرە بیبلیۆگرافیایانە، بەتایبەت بۆ ڕەوشی وڵاتێکی وەك کوردستان، ئەو ئەرك و بایەخە بەدەستەوە نادات...

لەبەر هەموو ئەمانە، ڕێڕەوی ئەم بیبلیۆگرافیایە و ئەوانەشی کە پێشتر ئامادەمان کردوون[1]، بەو ئاقارەدا بردوومانن و بەو شێوەیە کاریان لەسەر کراوە،

---

١– تاکو ئێستا چەند بیبلیۆگرافیایەکمان ئامادە کردووە، کە دیارترینیان لە لیستی (بیبلیۆگرافیا)کاندا هەیە، هەروەها لە (ئنسکلۆپیدیای هەولێر– بەرگی نۆیەم)یش بیبلیۆگرافیایەکمان بۆ (کتێبی فۆلکلۆری ناوچەی هەولێر) و بۆ (سایتی سلێمانی)یش بیبلیۆگرافیایەکی تایبەت بە (فۆلکلۆر و کەلەپوور)ی ناوچەی پارێزگای سلێمانی، ئامادە کردووە...

**بەڵکو بتوانین تاڕادەیەك، گرفت و کێشەکانی کتێب و کتێبخانە و نووسینی کوردی کەمتر بکەینەوە. لەهەمان کاتدا، ئەم بیبلیۆگرافیایە جگە لەوەی ئەو زانستەی ئەوانی فەرامۆش نەکردووە -ناسنامەی کتێب-، بەڵکو تاڕادەیەك لەوانیش زۆرتر زانیاری لەسەر ناسنامەی کتێبەکان بڵاو کردووەتەوە.**

**ئەم بیبلیۆگرافیایە، بیبلیۆگرافیایەکی پۆلێنکراو و ناسێنراو و تایبەتە، لەهەمان کاتدا، بەپێی ساڵ ڕێکخراوە و لیستی نووسەر و وەرگێڕیشی بۆ کراوە. واتە لە چەند بەرگێکدا، بەپێی بابەت و ساڵ جیا کراوەتەوە و هەر کتێبێکیش (ناسنامە) و (ناوەرۆك)ی بۆ ئامادە کراوە.**

**لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو کتێبێکی کوردییمان وەرنەگرتووە، بەڵکو تەنها ئەو کتێبانە وەرگیراون کە لەبارەی: مێژوو، جوگرافیا، ئەدەبیات، ئایین، زمان، شارستانی کۆمەڵایەتی، میدیا، جینۆساید و هونەر ...تد، تایبەت بە کورد و کوردستان و هەموو ئەو شارستانی و نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەوە نووسراون کە لە کوردستاندا بوون یان هێز و دەسەڵات و بوونیان هەبووە -بێگومان ئەوانەشی کە لە ئێستادا تێیدا دەژین...- کە بە زمانی کوردیی نووسرابن، یان بە زمانانی تر نووسراون و بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون.**

**دەکرێ بڵێین تەنها کتێبی: دیوانی شاعیران، چیرۆك، ڕۆمان، (فەرهەنگ)، کتێبی زانستی... نەگرتووەتەوە[1]، هەروەها هەموو ئەو کتێبانەشی نەگرتووەتەوە کە لە زمانانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون و هیچ پەیوەندییەکیان بە کەلتووری (کورد و کوردستان)ـەوە نییە.[2]**

**سنوور یان مێژووی بیبلیۆگرافیاکە، بەپێی ئەو کتێبانە دیاری کراوە کە لە سەرەتای بەکارهێنانی (ئەم تیپانە[3])وە تاکو ساڵی ٢٠١٠ هەر بەم تیپانە و بە (زمانی کوردی)، چاپ و بڵاوبوونەتەوە، کە بەپێی ساڵ - لەسەرەتاوە تاکو ٢٠١٠- ڕیزکراون. سەرەتا (ناسنامە)یان بۆ کراوە ئینجا (ناوەرۆك)یان بۆ نووسراوەتەوە، هەروەها لە پاشکۆدا لیستی ناوی نووسەر و وەرگێڕ ئامادە**

---

[1]- ئەمە لەکاتێکدایە ئەو لێکۆڵینەوانەی گرتووەتەوە کە لەبارەی (مێژوو، تیۆر، دەق)ی ئەدەبیاتی کوردییەوە نووسراون.

[2]- جگەلەوەی بەشێکی ئەم پێشەکییە لە بەرگەکاندا دووبارە دەبێتەوە، هەروەها هەر بەرگێکیش پێشەکی تایبەت بەخۆی دەبێت، کە لەوێدا وردەکاری جیاکردنەوە و وەرگرتنی کتێبەکان لە هەر بەرگێکی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا، دەخرێتەڕوو...

[3]- بەپێی سنووری بەرگی یەکەمی ئەم بیبلیۆگرافیایە، یەکەم کتێب لە ١٩٢٥دا لەلایەن حسین حوزنی موکریانییەوە چاپ بووە.

كراوه كه له ژێر ناوی هەر نووسەر و وەرگێڕێکیشدا، ناو و کۆد (ژماره)ی کتێبەکەی بۆ دانراوه.

بێگومان له هەر سەردەمێکدا، کاری بیبلیۆگرافیا کەموکوڕی تێدا دەبێت، لەکاتێکدا کارێکی لەمجۆره -بەتایبەت ئەم بیبلیۆگرافیایە- هەرچەند هەوڵی زۆری بۆ دراوه که کەمترین بوواردنی تێدا بێت، بەڵام له سەرەتاوه بەمەبەستی (داتا)ی چاپکراوه کوردییەکان ئامادە نەکراوه، بەڵکو وەك پێداویستیی و کارئاسانی لێکۆڵەران ئامادە کراوه که دەیانەوێ لەبارەی (کورد و کوردستان)ـەوه بنووسن، واته ئەگەر بەتەواویش نەیتوانیبێت هەموو کتێبه کوردییەکان کۆبکاتەوه، تاڕادەیەك، ئامانجی خۆی پێکاوه و ڕەنگه له ٩٠٪ی کتێبه چاپکراوەکانیشی گرتبێتەوه؟

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ناوی (بیبلیۆگرافیا)مان لەسەر هێشتەوه، ئەگەرنا دەکرا بنووسین (سەرچاوەی ناسێنراو لەبارەی کورد و کوردستانەوه)... هەروەها دەتوانین بڵێین که ڕەنگه ئەم کاره، تاڕادەیەك ئەرکی (بیبلیۆگرافیا)ی تێپەڕاندبێت و چووبێته بواری (ئینسکلۆپیدیای کتێبناسی کورد و کوردستان)ـەوه... هەر لەبەر ئەمەش بوو که لەکۆتایی بەرگەکاندا، (ئیندێکس)ی ناوی (کەس) و (شوێن)مان بۆ ئامادە نەکرد.

## **ليستی بيبليۆگرافيا كوردييەكان**

**لێرەدا و بەشێوەيەكی خێرا، ليستی ئەو بيبليۆگرافيايانە دەخەينەڕوو كە لەماوەی كاری ئەم بيبليۆگرافيايەدا (١٩٢٥–٢٠١٠)، لەپێناو (كتێب) و (كتێبخانە) و (نووسەر– وەرگێڕ) لە ئەرشيڤی (كتێبی كوردی)دا، ئامادە كراون:[١]**

**١. كتێبخانەی كوردی، ئامادەكردنی: نەريمان (مستەفا سەييد ئەحمەد)، بەيارمەتی وەزارەتی زانياری چاپ كراوە، چاپی يەكەم، چ (شارەوانی)، كەركووك، ١٩٦٠**

**٢. ببليۆگرافيای كتێبی كوردی ١٧٨٧– ١٩٧٥، ئامادەكردنی: نەريمان (مستەفا سەييد ئەحمەد)، لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانياری كورد، چاپی يەكەم، چ (كۆڕی زانياری كورد)، بەغدا، ١٩٧٧**

**٣. كتێبخانەی سۆران، ئامادەكردنی: سۆران؟ لەندەن، ١٩٧٩، (نۆرەی چاپ و ساڵ و شوێنی لەسەر نييە)**

**٤. مێژوو– كورتە باسێكی مێژوو و كورد و مێژوو، د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، بە ياريدەی ئەميندارێتی گشتيی ڕۆشنبيری و لاوان چاپ كراوە، چاپی يەكەم، چ (دار آفاق عربية)، بەغدا، ١٩٨٣**

**٥. فەرهەنگی ئەديب و نووسەرانی كورد، ئامادەكردنی: مستەفا نەريمان، بەيارمەتی ئەميندارێتی گشتی ڕۆشنبيری و لاوانی ناوچەی كوردستان چاپ كراوە، چاپی يەكەم، چ (أسعد)، بەغداد، ١٩٨٦**

**٦. بيبليۆگرافيای چيرۆكی كوردی ١٩٢٥– ١٩٨٣، ئامادەكردنی: حسين عارف، لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری كاروان، چاپی يەكەم، چ (ڕۆشنبيريی لاوان)، هەولێر، ١٩٨٨**

---

**١– هەر يەكێك لەم بيبليۆگرافيايانە و كۆمەڵێكی تر، بەپێی بابەتەكانی خۆيان، بەسەر بەرگەكاندا دابەش كراون و لەوێدا، بەوردی ناسنامە و ناوەرۆكيان بۆ ئامادە كراوە، هەروەها هەندێ بيبليۆگرافيای تايبەت بە (گۆڤار و ڕۆژنامەكان و...) لە بابەتەكانی خۆياندا دانراون. لەهەمانكاتدا، هەندێ بيبليۆگرافيا كە وەك (بروشوور– دەليل)ی دەزگا بڵاوكەرەوەكان چاپ بوون، لێرەدا دانەنراون.**

**ئەوەی پێويست بێت كە لێرەدا ئاماژەی پێ بكرێت ئەمەيە كە لە سەرەتای ٢٠١٢دا، لەلايەن (ئەكاديمای كوردی) و بەسەرپەرشتی (د. نەجاتی عەبدوڵڵا) لێژنەيەك بۆ ئامادەكردنی (بيبليۆگرافيای كتێبی كوردی) دەستی پێكرد و ئامادەكاری ئەم كارەش، وەك ئەندامێكی ئەو لێژنەيە دەستنيشان كرا... كە بۆ ئەم پرۆژەيە هيچ كەڵكێكی وای نەبوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە؟! كاتێك كە ئەو ئەركەمان پێ سپێردرا، كەڵكمان لە فايلەكانی ئەم بيبليۆگرافيايە وەرگرت و هاوكاری ئەو پرۆژەيەشمان پێكرد... جێی ئامارە پێكردنە كە بيبليۆگرافيای ناوبراويش هەروەك ئەوانی تر، بەپێی (ناوی نووسەر) ئامادە دەكرێت.**

**٧. ببليۆگرافيـــای دووصـــەد ســـاڵی کتـــێبی کـــوردی ١٧٨٧- ١٩٨٦، ئامـــادەکردنی: مـــستەفا نـــەریمان، لـــە بڵاوکراوەکـــانی دەزگـــای ڕۆشـــنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، چ (الزمان)، بەغداد، ١٩٨٩**

**٨. ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە- چی بە کتێب و لەناو کتێب و گۆڤارەکانــدا بــە هــەر زمانێــك لــە بــارەی زمــانی کوردییــەوە نووســراوە – لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥-، ئامادەکردنی: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی، چاپی یەکەم، چ (دار الحریە)، بەغدا، ١٩٨٩**

**٩. بیبلیــۆگرافی کــورد و کوردســتان، ئامــادەکردنی: ئــەکرەم قــەرەداغی، لــە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چ (فەرهەنگ)، سلێمانی، ١٩٩٩**

**١٠. پەرتوکخانا بەدرخانیا، ئامادەکار: کتێبخانـەی بەدرخان، چاپی یەکـەم، چ (هاوار)، دهۆك، ٢٠٠٠**

**١١. بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆریی کوردی ١٨٦٠- ٢٠٠٤، ئامادەکردنی: بوار نورەدین، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، چ (شڤان)، سلێمانی، ٢٠٠٤[1]**

**١٢. ڕێبــەری کتێبخانــە گــشتییەکان، ئامــادەکردنی: شــاهۆ عوســمان ســەید قادر و شیراز عـەلی مـەحموود و حەسـەن ئەحمـەد، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٥، (شوێن و چاپخانە نادیارە)**

**١٣. بیبلۆگرافیــای فۆلکلــۆری کــوردی (کتێــب- وتــار)١٨٦٠- ١٩٩٠، ئامادەکردنی: د. عومەر ئیبراهیم عـەزیز (پـەتی)، لەبڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشـی سۆران، چاپی یەکەم، چ (چوارچرا)، سلێمانی، ٢٠٠٥**

**١٤. کتێبخانــەی ڕۆژهــەڵات- کتێبناســی کتێبــە کوردییــەکانی کوردســتانی ڕۆژهـەڵات، ئامادەکردنی: ڕەزا شـەجیعی، لەبڵاوکراوەکانی بنکـەی ژیـن، چاپی یەکەم، چ (شڤان)، سلێمانی، ٢٠٠٦**

**١٥. ڕێبــەری بیبلۆگرافییــە کوردییــەکان ١٩٣٧ – ٢٠٠٥- بەشــی یەکــەم، ئامادەکردنی: شوان سلێمان یابە، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیـاری کوردسـتان، چاپی یەکەم، چ (وەزارەتی پەروەردە)، هەولێر، ٢٠٠٦**

---

١- ئـەو بیبلیۆگرافیایـەی کـە لـە ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتـەوە، وەك بـەرگێکی تـری ئـەم بیبلیۆگرافیایانـە مەزەنـدە دەکرێت؟ چونکە ئەویش زانست و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری (کورد و کوردستان)ی لە خۆگرتووە.

١٦. ڕێبەری نامە ئەكادیمییەكانی زمانی كوردی (ماستەر و دكتۆرا) ١٩٨٩- ٢٠٠٦، ئامادەكردنی: شوان سلێمان یابە، لە بڵاوكراوەكانی كتێبفرۆشی سۆران، چاپی یەكەم، چ (سیما)، سلێمانی، ٢٠٠٦

١٧. فەرهەنگا ئەدیب و نڤیسكارێت دەڤەرا بەهدینان ١٩٣٥- ٢٠٠٠، ئامادەكردنی: وەسفی حسن ڕدێنی، ژ وەشانێن ئێكەتا نڤیسەرێن كورد- دهۆك، چاپی یەكەم، چ (هاوار)، دهۆك، ٢٠٠٦

١٨. ڕێبەری نامە ئەكادیمییەكانی بەشی مێژوو لە زانكۆكانی كوردستان ١٩٨٩- ٢٠٠٩، ئامادەكردنی: توانا ڕەشید كەریم، لە بڵاوكراوەكانی پرۆژەی نامیلكەی زانستی- ڕێكخراوی هاودەنگ، چاپی یەكەم، چ (منارە)، هەولێر، ٢٠٠٩

١٩. دەروازەیەك بۆ زانستی كتێبخانە و سەنتەری زانیاری، ئامادەكردن و وەرگێڕانی: شاهۆ عوسمان، لەبڵاوكراوەكانی (كتێبخانە و زانیارییەكان)، چاپی یەكەم، چ (شەهاب)، هەولێر، ٢٠٠٩

٢٠. بیبلیۆگرافیای كوردناسی- كورد و كوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەكاندا، ئامادەكردنی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپی یەكەم، چ (حاجی هاشم)، هەولێر، ٢٠٠٩[١]

٢١. بیبلیۆگرافیای كوردناسی- كورد و كوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەكاندا، ئامادەكردنی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپی یەكەم، چ (حاجی هاشم)، هەولێر، ٢٠٠٩

٢٢. بیبلیۆگرافیای ئەكادیمیای كوردی- بەشی یەكەم زمان- بەرگی یەكەم، ئامادەكردنی: لیژنەی بیبلیۆگرافیا (د. وریا عومەر ئەمین، د. شەفیق قەزاز، د. شوان سلێمان یابە، م. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، م. محەممەد وەسمان)، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپی یەكەم، چ (سپیرێز)، دهۆك، ٢٠١٠

---

١- هەردوو بیبلیۆگرافیای ژمارە ٢٠ و ٢١، جیاواز لەوانی تر ئامادە كراون... هەروەك (د. حوسامەددین)یش لەپێشەكییەكەیدا ئاماژەی پێ كردوون. هەرچەند هەندێ بابەتیان لەبارەی ناوەرۆكی ئەم بەرگە (مێژووی كۆن...) تێدا هاتووە، بەڵام زۆرتر باسی (مێژووی هاوچەرخ)یان تێدا باس كراوە، لەبەرئەمە لە بەرگی دووەمدا دانراون.

## بایەخ و پێویستی ئەم جۆرە بیبلیۆگرافیایە

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێكرا، لەمێژووی كتێب و كتێبخانەی كوردیدا، كۆمەڵێك بیبلیۆگرافیا ئامادەكراون، بەڵام ئەوەی كە لە هەموویان پێویستتر بێت (بیبلۆگرافیای گشتیی كتێبی كوردی[1])یە كە وەك پێویست و بەشێوەیەكی گشتی ئامادە نەكراوە[2]. لەلایەكی ترەوە، ئەوانەشی كە كراون، زۆربەیان وەك (داتا و ئامار) ئاوڕیان لە كتێبی كوردی داوەتەوە و ئەوەندە بابەتییانە ئامادە نەكراون كە پێداویستی تەواوی خوێنەر و لێكۆڵەران بە دەستەوە بدەن، بەتایبەت بیبلیۆگرافیای كتێبی نووسراو و وەرگێڕدراو بۆ سەر (زمانی كوردی)، لەبارەی (كورد و كوردستان)ـەوە؟ چونكە لە ئێستادا، خوێنەری زمانەكانی تر زۆر كەمن، لەكاتێكدا زۆربەی پێداویستییەكان لەسەر (زمانی كوردیی)ن[3].

---

١- هەرچەند شادڕەوان (مستەفا نەریمان) ئەركێكی زۆر زۆری كێشاوە... ئەم بۆچوونە نە هەر تەنها مەبەستمان ئەو نییە، بەڵكو مەبەست لێی، كەمكردنەوەی بایەخی هیچكام لە بیبلیۆگرافیاكان نییە... ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆژانە كە كارمان دەكرد، ئەوەمان بەبیردا دەهات، كە ئێمە ئەم كارانەمان بە كۆمپیوتەر كردووە و كۆمپیوتەر زۆرترین كارئاسانی بۆ كردووین، بەڵام دەبێ ئەو (نەریمان) چۆنچۆنی ئەو ئەركەی كێشابێت؟! دڵنیام زۆر زۆر پێوەی ماندوو بووە.

٢- لە زۆربەی وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهاندا، كاری لەم جۆرە لەلایەن دەزگا و ناوەندە ئەكادیمییەكانەوە دەكرێت؟ چونكە ئەگەر وا نەبێت، ئەوا یان ناكرێت یانیش كە كرا، ناتەواو و قورستر دەبێت.... دیارە ئەم كارەش پێویستی بە گەڕانی زۆرتر هەبوو، واتە پێویست بوو سەردانی شارەكانی (كەركووك و هەولێر و دهۆك)یش بكەین، لەلایەك لەپێناو كەمترین بوواردندا، لەلایەكی تریشەوە ئەوكات دەتوانرا كۆدی كتێبخانەی ئەو شوێنانەش دیاری بكرێن... لەئاكامدا ناچاربووین ئەم هەلە بۆ دەرفەت یان چاپێكی تر هەڵبگرین و ئەوەی كە كۆمان كردووەتەوە، ئامادەی چاپی بكەین.

پێویستە ئەمەش بڵێین كە هەر لە درێژەی ئەم كارەدا، كاتێك لە ٢٠٠٤دا وەك فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دامەزرام و لەڕێگەی مۆڵەتی بێمووچەوە لە (ئنستیتیوتی كەلەپووری كورد) درێژەم بە خەباتی خۆم دا... لە ساڵی ٢٠٠٩دا، بەو نیازەی كە زۆرتر لە كتێب نزیك ببمەوە و زووتر كارەكەم تەواو بكەم؟! بۆ كارە فەرمییەكەم گەڕامەوە و ڕاژەكەم بۆ (كتێبخانەی گشتیی سلێمانی) گواستەوە، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی ئەو دەرفەتە لەخزمەت بیبلیۆگرافیاكەدا بەكاربهێنم، تەنانەت نەمتوانی یەك كتێبیش بنووسمەوە...؟! ناچار ماوەی چەند مانگێك لەوێ بووم و دووبارە مۆڵەتی بێمووچەم وەرگرتەوە...

٣- بیبلیۆگرافیای كتێبی هەندێك لە زمانەكانی تر لەبارەی (كورد و كوردستان)ـەوە هەیە -كە هەندێكیان لێرەدا جێگەیان بووەتەوە-، هەروەك لەپێشەكییەكەی (د. حوسام)یشدا ئاماژە بەهەندێكیان كراوە...

بێگومان یەکێك لە ئەرك و پێداویستییەکانی کاری نووسین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان، تەنانەت بۆ نووسینی ڕاپۆرت و بابەتی سەرپێییش... دەستەبەرکردن و دۆزینەوە و دیاریکردنی زانیاری پێویستە، کە لە کوێ و لە چ سەرچاوە و کتێبێکدا هەیە و باسوخواستی لەسەر کراوە؟ ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت کە بڵێم: یەکێك لە ئەرکە گران و زەحمەتەکە ئەمەیە؟ چونکە کاتێك زانرا کە لە سەر بابەتی دیاریکراو و هەڵبژێردراو، چی نووسراوە و وتراوە؟ ئەوا بەشێکی زۆری ئەرکەکە کەم دەبێتەوە...[1]

ئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیا) بەپێی ناوی نووسەر و ناوی کتێب –واتە بێ نووسینەوەی ناوەرۆك–، کێشەی ئەوە بۆ نووسەر و لێکۆڵەران دروست دەکات کە دەبێ لەڕێگەی ناونیشانی کتێبەکەوە، لەو بابەتانە بگەڕێن کە مەبەستییانە، لەکاتێکدا یەکێك لە کێشەکانی کتێبی کوردیی، ئەوەیە کە (ناونیشان)ی کتێب، ناوەرۆکی کتێبەکە بەدەستەوە نادات[2]، لەلایەکی ترەوە زۆربەی کتێبە کوردییەکان لە بابەتگەلی جیاواز و هەمەجۆر دواون، تەنانەت هەندێکیان کۆدی پۆلێنیش وەرناگرن... هەروەها سیستمی ئینتەرنێت و سایت و بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، نەیانتوانیوە سیستمێکی وا دابنێن کە ئەم زانیارییانە لەسەر ماڵپەڕەکان دابەزێت و لێکۆڵەران لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بتوانن سەرچاوەکان بدۆزنەوە[3].

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بیبلیۆگرافیاکان بابەتییانە و بەپێی ساڵ ئامادە بکرێن، ئەوکات داتای مێژوویی و تەواو بۆ لێکۆڵەران دەخاتە ڕوو، لەسەر ئەوەی کە ئایا لە سەرەتاوە تا کاتی بیبلیۆگرافیاکە –واتە ماوەی نێوان ئەو ساڵانەی کە بیبلیۆگرافیاکە دەریخستووە–، کەی و کێ و چۆن و چی؟ لەسەر ئەو بابەتە نووسراوە کە پێویستە بزانرێت.

---

١– لەبەرئەمە ئەگەر کارەکەشمان زۆر تەواو نەبێت؟! هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکەین کە کاتێکی زۆرمان بەسەربردووە، بۆ ئەوەی کات و ئەرك، بۆ خەڵکی تر بگێڕینەوە... بەو هیوایەی ئەو کات گەڕانەوەیەش ببێتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی ڕەوشی نووسین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان.

٢– بۆ نموونە کتێب هەیە ٥٠–١٠٠ بابەتی جیاوازی تێدایە و ناوی یەکێك لەو بابەتانەی کردووە بە ناونیشانی کتێبەکە، ئیتر خوێنەر چۆن بزانێت کە تەواوی بابەتەکانی نێو کتێبە چییە و باس لە چی و چی دەکات؟!

٣– ڕاستە کە لە ئێستادا هەندێ لە دەزگاکان لەسەر ماڵپەڕەکانی خۆیان چاپکراوەکانیان دادەنێن و هەندێ ماڵپەڕی تایبەتیش بە (کتێب)ی کوردی هەیە... بەڵام هێشتا و بەشێوەیەکی تەواو و زانستی، ئەو کەلێنەی کەلتووری کوردیی پڕ نەکراوەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، دابەشبوونی (کوردستان) بەسەر چوار وڵات[1] و بەکارهێنانی تیپی عەرەبی لە ئێراق و ئێران و تیپی لاتینیش لە تورکیا و سوریادا، ئەوەندەی تر کاری بیبلیۆگرافیا گرانتر دەکەن...

لە ئێستای کوردستاندا، تاڕادەیەك بارودۆخی کوردستان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئاوڕ لە زۆرێك لە چەمك و ئەرکە نەتەوەییەکان بدرێتەوە، ئەم ئاوڕدانەوەیەش -بۆ هەر بار و بابەتێك بێت- پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ...تد، هەیە، ئەوەشی کە زۆرترینی ئەم پێویستییە دابین دەکات، سەرچاوەی نووسراوە، کە (کتێب) بەشێکی گرنگی ئەم سەرچاوەیەیە، لەبەرئەوەش کە ئەو قۆناغە مێژووییانەی گەلی کورد و کوردستان پێیدا تێپەڕیون، بە شێوەیەکی ئاسایی نەبووە و پڕ لە شەڕ و نەهامەتی و... بووە، تاکو ئێستاش (کتێب و کتێبخانە)ی کوردیی، ڕەوش و پێگەی ئاسایی خۆیان وەرنەگرتووە...

لەبەر هەموو ئەمانە، ئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیا)ی کتێب و بڵاوکراوەکان، تاڕادەیەك ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، هەروەها ئەگەر بیبلیۆگرافیاکان شێوازی فراوانتر وەربگرن، ئەو ئەرکە باشتر جێبەجێ دەکەن.

ئامانج و شێوازی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایە، بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە و هەندێ لەو سەرنج و تێبینیانە دەگەڕێتەوە کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکرێت. هەروەها، ڕەنگە پێویست بێت بڵێین کە هەندێك پێیان وابێت ئەم شێوازە، درێژبڕی پێوە دیارە، کە لە ڕاستیدا ئامانجی ئەم کارە ئەوەیە کە زۆرترین کەڵك بە کاری لێکۆڵەران بگەیەنێت، بێگومان لە پێکاندنی ئەم ئامانجەشدا، ڕەنگە ئەو بۆشاییە دروست بکات و جێگەی ئەو ڕەخنەیە وەربگرێت... لەکاتێکدا ئەم شێوازە ڕەنگە بۆ هەموو کتێبەکان، ئامانجی تەواوی لەناساندنی کتێبەکاندا نەپێکابێت، بەڵام دەتوانین بڵێین کە لە ٩٠٪ بەرەوژوور، پێکاویێتی...

شێوازی ئەم بیبلیۆگرافیایە بەو ئاقارەدا نەبراوە کە سەرنج و تێبینی لەبارەی ناوەرۆك یان ئاستی کتێبەکان بنووسین[2]، بەڵکو بۆ ئەو کەس و شارەزا و پسپۆڕانە بەجێ هێڵراوە کە تەوەر و باسی تایبەت و سەربەخۆ هەڵدەبژێرن و لێکۆڵینەوی لەسەر دەکەن.

---

١- مەبەست لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردییە لە هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا...

٢- لەهەمان کاتدا، هەر ناتەواوییەك یان هەر زانیارییەك لە ناسنامە و ناوەرۆکی کتێبەکاندا، پێویستی بە سەرنج و تێبینی بووبێت، لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ کراوە.

لەپێناو گەیاندنی کەڵکی زۆرتر و کارئاسانی فرەتر، کۆد یان ژمارەی هەندێ کتێبیشمان لە پەراوێزدا نووسیوە کە لەو چەند کتێبخانەیەی کە بەناویاندا گەڕاوین و کتێبمان تۆمار کردووە[1]، بۆ هەر یەکێك لەم کتێبخانانەش ژمارەکەی بووە بە کۆدی خۆی، واتە لە پەراوێزدا تەنها نووسراوە (ئەم کتێبە لە کتێبخانەی ژمارە[2] ؟ دا بەم کۆد یان ژمارەیە پارێزراوە)، ئەو کتێبانەشی کە کۆدیان پێوە نەبووە، یان نووسینەوەی کۆدەکەیان ئاڵۆز بووە، تەنها ئاماژەمان بە بوونی کتێبەکە لە کتێبخانەکەدا، داوە:

١. ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد
٢. بنکەی ژین
٣. مەڵبەندی یەکی سلێمانی ی.ن.ك
٤. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
٥. کتێبخانەی گشتی سلێمانی

١– نووسینی کۆدی کتێبەکان لە کتێبخانەکاندا، جگە لەوەی کە کارئاسانی بۆ بەکارهێنەرانی ئەم بیبلیۆگرافیایە و کارمەندانی کتێبخانەکان دەکات، خۆیشمان کەڵکمان لێ وەرگرتووە؟ چونکە کاتێك هەر سەرنج و تێبینی یان هەڵەیەکمان لە تۆمارکردنی کتێبەکاندا بەسەردا تێپەڕ بووبێت، لەکاتی ئامادەکردندا، بەهۆی کۆدەکەیانەوە ئاسانتر دۆزیومانننەتەوە... هەروەها، کاتێك یەك کۆدمان بۆ کتێبێك نووسیوە، مانای ئەوە نییە کە ئەو کتێبە تەنها لەو کتێبخانەیەدا هەیە و لەوانی تردا نییە، بەڵکو لەسەرەتادا لە کام لەو کتێبخانانە وەرمان گرتبێت، بە کۆدی ئەوێ تۆمارمان کردووە، هەرچەند بۆ هەندێك کتێبیش کۆدی دوو کتێبخانە یان زۆرترمان بۆ نووسیوە. پێویستە ئەمەش بڵێن کە هەندێك لە کتێبی ئەو پێنج کتێبخانەیە، هێشتا تۆمار نەکرابوون و کۆدیان وەرنەگرتبوو، لەبەرئەمە ناچار تەنها ئاماژەمان بە بوونیان داوە...

٢– واتە ژمارەی ئەو پێنج کتێبخانەیە، بەهەمان ڕیز و بەم شێوەیە (ئەم کتێبە لە ئەرشیڤی ژمارە ٢دا پارێزراوە– کە مەبەست لە کتێبخانەی "بنکەی ژین"ـە کە لەو لیستەدا"ژ٢"ە) ئەگەر کۆدیشی هەبووبێت نووسراوە (ئەم کتێبە لە ئەرشیڤی ژ٢دا بە کۆدی ؟ پارێزراوە).

هەروەها، لەپێناو کەمترین بوواردن و زۆرتین تۆمار کردندا، ئەم دەزگایانەی خوارەوە بەپێی لیستی چاپکراوەکانیان بەسەرکراونەتەوە:

١. بنکەی ژین
٢. مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) [ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران]
٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
٤. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
٥. کۆمەڵەی ڕووناکبیریی و کۆمەڵایەتی کەرکووك
٦. بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووك
٧. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
٨. ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد

لەهەمان کاتدا، کەڵك لە ئینەتەرنێتیش وەرگیراوە، بەڵام تەنها ئەو کتێبانە وەرگیراون کە لە چاپ و بڵاوبوونەوەیان دڵنیا بووین، واتە ئەو کتێبانەی کە لەسەر ئینتەرنێت دابەزیون و چاپ نەکراون، وەرنەگیراون و دانەنراون.

لەلایەکی ترەوە، کەڵکمان لە هەندێ کتێبفرۆشی ناو شاری سلێمانی وەرگرتووە، کە هەندێکیان ڕێگەی بردنە دەرەوەی کتێبەکانیان پێ داین –کە ناومان هێناون و سوپاسمان کردوون- بەڵام هەندێکیان ڕێگەیان پێ نەداین و ئێمەش ناچاربووین کە لەڕێگەی فۆتۆوە، وێنەیان بگرین و دواتر بیان نووسینەوە.

## چۆنیێتی دەستپێکردن و ئەنجامدان

لێرەدا، بە کورتی ئاماژە بە هەندێ وردەکاری و شێوازی جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەکەین: سەرەتا لە کتێبخانەی ژمارە یەك دەستمان پێ کرد... دواتر ڕوومان لە کتێبخانەی ژمارە دوو کرد و تەواومان نەکرد، دوای ئەمە ڕوومان لە کتێبخانەی ژمارە سێ کرد، دوای تەواوبوونی، چووینە کتێبخانەی ژمارە چوار. دواتر چەند کتێب فرۆشێکی ناو شاری (سلێمانی)مان یەکلایی کرەوە، دوای ئەویش، دیسانەوە ڕوومان لە کتێبخانەی ژمارە دوو کردەوە و تەواومان کرد، جارێکی تر هاتینەوە بۆ لای کتێب فرۆشەکانی ناوشار، لە دوای هەموویان ڕوومان لە کتێبخانەی ژمارە پێنج (کتێبخانەی گشتی سلێمانی) کرد، ئەمە جگە لەوەی کەڵك لە کتێبخانەی زۆر کەسایەتی و نووسەر وەرگیراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، چونکە پێشتر چەند بیبلیۆگرافیایەکمان ئامادە کردووە، تاڕادەیەك شارەزاییمان لە شێوازی ئامادەکردنیدا هەبوو، بەڵام ئەم بیبلیۆگرافیایە جیاواز بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی هیچ یەکێك لە کتێبخانەکانی کوردستان، تەواوی ئەو سەرچاوانەیان لێ نییە کە بۆ ئەم کارە پێویستن، لەکاتێکدا ژمارەی سەرچاوەکانیش لە ٤٠٠٠ کتێب تێپەڕ دەکات، بۆ ئەوەی تووشی دووبارە و کەمترین هەڵە ببینەوە، لەسەرەتادا، تەنها بەپێی ساڵ کتێبەکانمان جیا کردەوە: لە کۆنەکاندا تاکو ساڵی ٢٠٠٠ هەر ١٠ ساڵێك فایلێکمان بۆ دانا، لە دوای ئەمانیشەوە بۆ هەر ساڵێك فایلێك، هەروەها (بێ ساڵ)ەکانیشمان کردە فایلێکی سەربەخۆوە، کە هەمووی کردییە نزیك بە ٢٠ فایل...

لەکاتێکدا لە هەر کتێبخانەیەکدا بۆ کتێب دەگەڕاین، ئەگەرچی هەندێکیان دەناسرانەوە کە ئایا داغڵمان کردوون یان نا؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەیری ساڵی چاپی کتێبەکەمان دەکرد و لە فایلی تایبەت بەو ساڵەدا –لەڕێگەی (دۆزینەوە–Find)ـەوە، بۆ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وەك: ژمارەی سپاردن، ناوی نووسەر...–ی کتێبەکە دەگەڕاین... لەگەڵ هەموو ئەم وردەکارییانەشدا، کتێب هەبووە سێ جار نووسراوەتەوە... تاکو تەواوکردنی پرۆژەکەش، واتە دوای دابەشکردنی کتێبەکان بەسەر بەرگەکاندا، فایلی ساڵەکانمان وەك خۆی هێشتووەتەوە، بۆ ئەوەی تووشی کەمترین دووبارە ببینەوە.

## گرفتەکانی جێبەجێکردن

لێرەدا بە چەند خاڵێك گرفتی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی بەگشتی و ئەم بیبلیۆگرافیایە بەتایبەتی دەخەینە ڕوو:[1]

١. کتێبی کوردی لە هەموو لایەکەوە (ئێراق، ئێران، تورکیا، شاخ، ئەوروپا...[2]) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١یشەوە، بەجۆرێکی تر و بەبێ پلانی زانستی و سانسۆرێکی دیاریکراو، کتێب چاپ کراوە.[3]

٢. نەبوونی دامەزراوە یان دەزگایەکی گشتی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی کە کتێبی هەموو دەزگاکانی کوردستان بە (باکوور، باشوور، خۆرهەڵات و خۆرئاوا) تەنانەت وڵاتانی تریش، بگرێتەوە.

٣. نەبوونی کتێبخانەی نیشتمانی کە ببێتە سەرچاوەی هەموو چاپکراو و بڵاوکراوەکان. بێگومان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، کتێبخانەی نیشتمانی هەیە کە سەرجەم بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی لێ هەڵدەگیرێت، کە بۆ هەر کارێکی لەمجۆرە... وەڵام و کەرەسەی تەواوی تێدا هەڵگیراوە.[4]

٤. لەکاتێکدا کتێبخانەی نیشتمانی نییە، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش نەیانتوانیوە ئەرشیڤی تایبەت بە خۆیان بپارێزن، بۆ نموونە هەر یەك لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، شوێنێکی تایبەت بە ئەرشیڤی خۆیان نەکردووەتەوە تاکو بۆ کاری لەمجۆرە، کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

---

١– زۆربەی ئەم خاڵانە هۆکارن بۆ بوواردن و تۆمارنەکردنی کتێب.

٢– بەهۆی باری سیاسی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چەند وڵاتێکدا، تاکو ئێستاش کتێبی (نهێنی– نافەرمی) چاپ و بڵاودەکرێتەوە...

٣– بۆ نموونە کتێب هەیە کە لەلایەن دوو کەسەوە و بە دوو شێوە و ناونیشانی جیاوە، بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە؟! هەروەها کتێب هەیە هەر بە ئامێری کۆپی، چەند دانەیەکی لێ چاپ کراوە؟!
لە چاپکردنی کتێبدا، سیستمێکی جێگیری زانستی نییە و هەندێ کتێب هەیە کە هیچ بنەمایەکی (کتێب)ی تێدا نییە... لەبەرئەمە پێوستە (وەزارەتی ڕۆشنبیری) سانسۆر یان یاسا و ڕێسایەك– بۆنموونە لە ناونانی کتێبیدا– هەبێت، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە سەربەخۆ و لەدەرەوەی دەزگا بڵاوکەرەوەکاندا، کتێب بڵاو دەکەنەوە؟ چونکە تاکو بەئێستاکەش دەگات (ناونیشانی کتێب) یەکێك لە کێشەکانی کتێبی کوردییە؟ چونکە پێویستە ناونیشانی کتێبەکە، ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی کتێبەکە بێت...

٤– ئەگەر ناوەندی لەمجۆرە هەبێت، لەسەرەتای دەستپێکردنی کاری لەمجۆرەوە، دەتوانی مەزەندەی ئاست و قەوارەی ئەمجۆرە کارانە بکەیت؟ چونکە ئێمە مەزەندەی قەوارەی ئەم بیبلیۆگرافیایەمان بەم شێوەیە نەکردبوو...

**٥. (ژمارەی سپاردن) و ISBN[١] : ئەگەر یەك ناوەندی پەیوەندیدار و بەرپرس بۆ هەردووكیان هەبێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەتوانی ئاست و قەوارەی كارەكەت دیاری بكەیت، كە بەداخەوە وەك پێویست نییە:[٢]**

- **تاڕادەیەك لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا، یەك جۆر و شوێنی (ژمارەی سپاردن) هەبوو... كە ئەویش لەسەرەتای حەفتاكانەوە دەستی پیٚ كردووە و پێش ئەوەیش، چاپكردنی كتێب (ڕەزامەندی) یەكێك لە دەزگا بەرپرسەكانی پێویست بووە.[٣] دوای ڕاپەڕین و تەنانەت هەتا ساڵی ٢٠٠٨یش، نەتوانراوە سیستمێكی یەكگرتووی بۆ دابنرێت.[٤]**

---

١- ISBN: كورتكراوەی (International Standard Book Number) واتە (ژمارەی جێگیری نێودەوڵەتی كتێب) كە بە زمانی عەرەبی بە (ردمك- الرقم الدولی المعیاری للكتاب)ی بۆ دانراوە... ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە و لە ١٩٧٢ـەوە دەست بەكاربووە. یەكێك لە سیستمە نێودەوڵەتییەكانە كە هەموو كەسێك لە ڕێگەی ئەم ژمارەیەوە دەتوانیٚ زانیاری لەسەر سەرچاوەكان پەیدا بكات. ئەم كۆدە، وەك ئەو (پێناس- هەویە)یە كە بە هەر مرۆڤ دەدرێت و تێیدا هەموو زانیارییەكی لەبارەوە دەنووسرێت. سەرەتا كۆدەكە لە دە ژمارە پێك هاتووە و ئێستا بووە بە ١٣ ژمارە. ئەم كۆدە، لە چوار بەش پێك هاتووە: چوار ژمارەی یەكەمی كۆدی (وڵات، زمان، ناوچەیەكی دیاریكراوە...) كە كتێبەكەی لیٚ دەردەچێت -بۆ نموونە ئێران ٠٩٦٤ و توركیا ٠٩٧٨ ژمارەی دوای ئەمیش كۆدی دەزگای بڵاوكەرەوەكەیە، چوار ژمارەش تایبەتن بە كۆدی كتێبەكە، دوا ژمارەش ژمارەی وردبینییە... بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:
www.isbn.org & http://ejabat.google.com/ejabat/thread?tid & http://ar.wikipedia.org/wiki

٢- تەنانەت لە وڵاتانی دراوسێشدا زانستی كتێب وا پێشكەوتووە كە توانراوە (داتا بەیس)ی وا ئامادە بكرێت، كە ئەگەر هەر زانیارییەكی لەبارەی كتێبەكەوە (وەك: ISBN، ناوی كتێب، ناوی نووسەر...)ی پێبدەیت، بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ كۆدی پۆلێنی كتێبەكەت بۆ دیاری دەكات.

٣- بەپێی ئەو كتێبانەی كە لە بەرگ و بەشەكانی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا تۆمار كراون، چەند شوێنێكی بەرپرس یان پەیوەندیدار بە كتێبەوە هەبوون، وەك: (وەزارەتی كاروباری شیمال- كاروباری ژووروو) و (وزارة الثقافة والأعلام). هەروەها پێموایە كتێبی (ژمارە ٣٥)ی ئەم بەرگە، یەكەم كتێبی كوردی بێت كە ژمارەی سپاردنی (٤ی ساڵی ١٩٧١) وەرگرتووە.

٤- بەهۆی بەدواداچوونەكانمان، لە سەرەتای ٢٠٠٨ـەوە ژمارەی سپاردن یەكخراوە، واتە ژمارەكان دووبارە نەبوونەتەوە؟ چونكە پێش ئەو مێژووە و بەهۆی ئەوەی كە پێشتر و لە درێژەی دوو حكوومەتی و دوو ئیدارەییەوە، هەولێر و دهۆك بەجیا و سلێمانیش بەجیا ژمارەی سپاردنیان داوە، هەروەك دواتر دەردەكەوێت كە لە ساڵێكدا ژمارەیەك بە دوو كتێب دراوە، كە بێگومان یەكێكیان هی حكوومەت و ئیدارەی ئەولا و ئەمی تریشیان هی ئەملا بووە. هەروەها، پێشتر (ژمارەی سپاردن) لە (بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوە)كانی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوە، دواتر لە ٢٠٠٨ـەوە بۆ (بەڕێوەبەرێتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان) گوازراوەتەوە، كە لە شاری سلێمانی لە (كتێبخانەی گشتی سلێمانی) و لە شاری دهۆك لە (كتێبخانەی بەدرخان) و لە هەولێریش هەر لە خودی (بەڕێوەبەرێتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان) دەدرێت.

- لەگەڵ بوونی وەزارەتی پەیوەندیدار – وەزارەتی ڕۆشنبیری– و کۆمەڵێك دەزگا و لایەنی بەرپرسی ئەم جۆرە بوارانە[1]، هیچ هەوڵێك بۆ دەستەبەرکردنی ISBN بۆ کتێبی کوردی (بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا) نەدراوە؟[2] ئەگەر لەسەردەمەکانی پێشتریش هەوڵی بۆ نەدرابێت، دەبوایە لەدوای ڕاپەڕین یان هەر هیچ نەبێت لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە– ٢٠٠٣– و بوونی کورد لە پەرلەمانی ئێراقدا، هەوڵی بۆ بدرێت...؟ چونکە بوونی ئەم مەرجە لە کتێبی ئێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، ئاستی کتێب لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەرەو (جیهان) و (جیهانیبوون) دەبات.
- هەرچەند هەوڵی زۆر دراوە کە (کتێبی کوردی) مەرج و پێداویستی زانستی تێدا بێت، بەڵام تاکو بە ئەمڕۆکەش دەگات، ئەم پرسە نەتەوەییە بەتەواوی نەگەیشتووەتە ئاستێکی زانستی... بێگومان ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی بۆ سەر ئاستی (کتێبی کوردی)ی بەتایبەتی و (ڕۆشنبیری کوردی) بەگشتی هەیە...

٦. نەبوونی لیست و داتای تەواو لەلایەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە. هەرچەند زۆرێك لە دەزگاکان، لیستی چاپکراو و بڵاوکراوەیان هەیە –هەندێکیان هاوکاریشیان کردم– تەنانەت هەندێکیان بیبلیۆگرافیای تایبەت بە بڵاوکراوەکانی خۆیشیان ئامادە کردووە، بەڵام دەزگا هەبووە تەنانەت لیستی چاپکراوەکانی خۆیشی ئامادە نەبووە؟! هەروەها دەزگامان بەسەرکردووەتەوە کە دانەیەکیان لە چاپکراوەکانی خۆیان وەك ئەرشیف هەڵنەگرتووە.

٧. ناسنامەی کتێب: تا ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایەش، زۆرێك لە دەزگا و کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەی کتێب، بایەخی تەواو بە ئامادەکردنی ناسنامەی

---

١– جگە لە وەزارتی ئاماژەپێکراو، بەتایبەت ئەم ئەرکە بە ئەرکی (ئەکادیمیای کوردی) دەزانم کە جگە لە بوونی دەستەیەك لە پسپۆران و ئەکادیمکارانی کورد، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە (ئەنجوومەنی وەزیران)ی حکوومەتی هەرێمەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە بالاترین دەزگای پەیوەندیدارە بە کەلتووری کوردی و لە نێویشیدا (کتێب)ی کوردییەوە.

٢– جگە لەو کۆڕەی کە لە ٢٠٠٦دا پێشکەش کراوە... هیچی ترم نەدیوە کە تاکو ئێستا باسی (ISBN)ی بۆ کتێبی کوردی کردبێت. بڕوانە: چەند سەرنجێك لەسەر کێشەکانی کتێب لە کوردستاندا، گۆڤاری هەنار، ژمارە١٢، ٢٠٠٧، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، چ (یاد)، ل٢٣–٣٢. هەر ئەم تەوەرە لە ٢٠٠٦/٤/٢٦ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کتێب، لە شاری سلێمانی و لە کۆڕێکدا، پێشکەش کرا.

**(هوية) کتێب نادەن. لە زۆر کتێبدا: نۆبەتی چاپ، ناوی چاپخانە، شوێن (شار)، ساڵ... نانووسن، کە ئەمەش لە هەندێ کاری وەك دۆزینەوەی ئەو کتێبانەی کە چاپی دووەم و سێیەمیان هەیە، کێشەی زۆریان بۆ درووست کردین.[1]**

**٨. هەرچەند باشترە کە بیبلیۆگرافیا گشتیی بێت و بابەتی نێو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش بگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەم دوو کارە بەیەکەوە (کتێب+ گۆڤار و ڕۆژنامە) ئەوەندەی تر کارەکە قورستر دەکەن، بەتایبەت لەم پرۆژەیەدا، هەرگیز بۆمان نەدەکرا...**

**٩. هەندێ لە کتێبخانەکان ڕێگەی بردنەوە دەرەوەی کتێبی زۆر نادەن... کە ئەمەش بۆ خۆی یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بە کتێبخانە گشتییەکانە، ئەمەش لە سرووشتی کارەکەی ئێمەدا، گرفتی زۆری بۆ درووست کردین؟ چونکە ئەم شێوازە لە نووسینەوەی کتێبدا، لە ناو کتێبخانەکاندا ناکرێت، ئەگەر بشکرێت ئەوا لە ڕۆژێکدا لە چەند دانە کتێبێك بەولاوە کاری زۆرتر بۆ ناکرێت، ناشکرێت بۆ چەند دانە کتێبێك هەموو جارێ بچیتە کتێبخانەکان و دیسان بیگێڕیتەوە بۆیان، بەڕاستی ئەمە کارەکەی زۆر دواخست و گرانتری کرد...[2]**

---

١- ئەمە وایکردووە کە لە ئامادەکردنی هەندێ کتێبدا، هەڵە بکەین، یان چەند جارێك ناوەرۆکیان بۆ بنووسینەوە و دواتر بە هۆی ئەوەی کە تەنها لە چاپی یەکەمدا ناوەرۆکمان داناوە، لابرێت.

٢- هەروەك لەسەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێ کرد، ئەم گرفتە بۆ کەسێك کە ڕۆژانە حەوت کاژێر دەوامی فەرمی هەبێت، زۆر زەحمەتە، لەلایەکەوە لەبەرئەوەی کە لەو کاتەدا کە ئەم دەوامی هەیە، کتێبخانە و دەزگاکان کراوەن، لەکاتێکیشدا کە ئەم لە پشوودایە، وەك ڕۆژانی هەینیی و شەممەوان و دوای کاژێر ٣-٤ ی دوای نیوەڕۆ، ئەو شوێنانەش دادەخرێن؟

## چۆنێتیی نووسینەوە و ئامادەکردن و ناساندنی کتێبەکان

بیرۆکەی نووسینەوەی ناوەرۆك و ناسنامەی کتێب کە وەك لەم بیبلیۆگرافیایەدا پێڕەو کراوە، بۆ ناوەڕاستی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك لەلایەن ئنستیتیوتی کەلەپووری کوردەوە داوامان لێکرا ئەو کتێبانەی کە لە کتێبخانەی ئینستیتیوتدا هەیە، بە شێوەیەك ئامادەیان بکەین کە لەسەر ماڵپەڕی ئینستیتوت بەسەر بەشەکانی (فۆلکلۆر و کەلەپوور)ی کورددا پۆلێن بکرێن و خوێنەرانی ئەو ماڵپەرە کەڵکی لێ وەربگرن... ئیتر دەستمان بە نووسینەوە و پۆلێنکردنی هەموو ئەو کتێبانە کرد کە لە کتێبخانەکەدا هەبوون، لەبەرئەوەی بەشەکانی فۆلکلۆر و کەلەپووری کورد بەسەر زۆرتر لە ٥٠ بابەتدا دابەش کرابوون، ناچاربووین بەم شێوازە کتێبەکان لەناو کۆمپیوتەردا بنووسینەوە و بۆ هەر بابەتێك، کۆپی ناسنامەی کتێبەکە و ئەو بەشە ناوەرۆکەی بۆ دابنێین کە پێوەیەوە پەیوەستە[1].

ئەوەی ڕاستی بێت، هەر ئەو کارەش بوو کە هانی داین تا زۆرتر هەوڵی دروستکردنی بیبلیۆگرافیا بدەین؟ چونکە لەو کاتەدا بەتەواوی هەستمان بە کێشەکانی کتێبی کوردی کرد، بەتایبەت لە (پۆلێن) کردندا.

لێرەدا بە چەند خاڵێك وردەکاری و چۆنێتی نووسینەوەی (ناسنامە) و (ناوەرۆك)ی کتێبەکان دەخەینەڕوو:

١. ئەگەر کتێبێك چاپ نەکرابێت دانەنراوە، واتە هەندێ لەو کتێبانەی کە لەڕێگەی پرێنتەوە لە کتێبخانەکاندا بوون، وەرنەگیراون.

٢. ئەگەر چاپی یەکەمی کتێبێکمان بەردەست نەکەوتبێت و چاپەکانی تریمان دەست کەوتبێت، ئەوا ناچاربووین گرنگی بەو چاپە بدەین کە لەبەر دەست دا بووە، کە بێگومان بۆ دەستەبەرکردن و پەیداکردنی لەلایەن بەکارهێنەرانی ئەم بیبلیۆگرافیایەوە، ئاسانترە، لەبەرئەمە، ئەو کتێبانەی کە چاپی دووەممان پێش چاپی یەکەم بەردەست کەوتووە و ناوەرۆکمان بۆ نووسیوەتەوە، لەهەندێ کتێبدا هەر ناوەرۆکی چاپی دووەممان بۆ چاپی یەکەم

---

١- بۆ نموونە: کتێبێك بابەتگەلی وەك: پەند و مەتەڵ و چیرۆك و ئەفسانە و گۆرانی... تێدا بوو، بۆ هەر یەکێك لەمانە، ناسنامەی کتێبەکە و ئەو ناونیشانانەمان دادەنا کە تایبەت بوون بە یەکێك لەو بابەتانەوە، کە هەر یەکێکیشیان لە ناو ماڵپەڕەکەدا پێگەی تایبەتیان هەبوو...

داناوەتەوە، بۆ هەندێکیشیان پەراوێزمان نووسیوە... بێگومان لەبەرئەوەی کە چاپی دووەم زۆرتر بەردەست دەکەوێت و بەلایەنی زۆریشەوە باشتر دەکرێت.

٣. بڕیارمان دابوو کە لە ساڵەکانیشدا بەپێی ژمارەی سپاردن ڕێکیان بخەین، بەڵام چونکە لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە ژمارەی سپاردن یەك خراوە، وازمان لێ هێنا. دواتر کتێبی هەر ساڵێکمان بەپێی (تیپ)ـەکان ڕیز کرد.

٤. ویستمان لەبری ئەوەی بۆ هەر کتێبێك ناوی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بنووسینەوە، ژمارەیان بۆ دابنێین، بەڵام لەبەرئەوەی دەزگاکان زۆربوون، ناچاربووین وەك خۆیان بیان نووسینەوە.

٥. هەر کتێبێك لەسەر ئەرکی نووسەر چاپ کرابێت یان هیچ ئاماژەیەکی پێنەکرابێت، هیچمان بۆ نەنووسیوە. ئەو کتێبانەشی کە لەسەر ئەرکی کەسایەتییەکان چاپ کرابن، هەر لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ کراوە.

٦. ئەو کتێبانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ کراون، هەرچەند هەوڵی زۆرمان داوە کە ناوەکانیان وەك خۆیان بنووسینەوە، کە دەکرێ بۆ زۆرتر وردبوونەوە لێی، بەپێی (شوێنی چاپ)ـەکانیان جیا بکرێنەوە، واتە ئەو کتێبانەی کە شوێنی چاپیان (هەولێر)ە، ئەوا یەکێکە لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە یان خانەی وەرگێڕانی هەولێر و بۆ (سلێمانی)یش بەهەمان شێوە[1].

٧. هەندێ لەو زانیارییانەی کە گومانمان لێی هەبووە، نیشانەی پرسیارمان لە شوێن یان لە تەك زانیارییەکەدا داناوە، هەروەها شوێنی ئەو زانیارییانەش کە لەبەردەستدا نەبوون، بە هەمان شێوە.

٨. ئەگەر لە دیاریکردنی قەوارەی کتێبێکدا هەڵەی چەند سانتیمەتری تێدا بێت، ئەوا دیارە کۆپی کتێبەکەمان لە بەر دەستدا بووە و قەوارەی ئەو (کۆپی)ییەمان دیاری کردووە کە لەبەر بەردەستماندا بووە. هەموو ئەو کتێبانەش کە قەوارەیان دیاری نەکراوە، ئەوە دیارە بە (سکان) بەردەستمان کەوتوون.

---

١- پێویستە ئاماژە بەمەش بکەین کە بەهۆی گۆڕانکارییە ئیدارییە و کارگێڕییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بوونی دوو ئیدارە و تێکەڵکردنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە... لەم چەند ساڵەدا، گۆڕانکاری بەسەر ناوی ئەم دەزگایانەدا هاتووە، کە ئێمە هەوڵمان داوە بەپێی کاتی کتێبەکە، بینووسینەوە. بەتایبەت (بەڕێوەبەرابەتی گشتی ڕۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە)ی هەولێر، لەم ساڵانەدا، چەند گۆڕانکارییەك بەسەر ناوەکەیدا هاتووە.

**٩. له نووسینی ناوی کتێبه کۆنەکاندا، ئەوەندەی توانرابێت و له فۆنتی کۆمپیوتەردا هەبووبێت، ئەو سەرو بۆرانەشمان داناوەتەوە کە لە سەرەدەمەکانی خۆیاندا بەکارهاتوون، تەنانەت ئەگەر هەڵە یان هەر شتێك لە ناونیشانی کتێبەکاندا هەبووبێت، دەستکاری نەکراون. جگە لە ناوی کتێبەکان، هەموو نووسینەکانی تر بە فۆنت و ڕێنووسی ئێستا نووسراونەتەوە، تەنیا ناوی چاپخانە یان ئەگەر بابەتێك بە زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی تر هەبووبێت، بە فۆنتی خۆی نووسراوەتەوە و دەستکاری نەکراوە. ئەگەر ناو یان ناونیشانێك لەبری کوردی بە فۆنتی عەرەبی نووسرابێتەوە، ئەوا ئەویش بۆ فۆنت و ڕێنووسی کوردی وەرگێڕدراوە[١].**

**١٠. ئەگەر (ساڵ) لەگەڵ ژمارەی سپاردندا دانرابێت، ئەوا لەو ساڵەدا دانراوە، ئەگەر واش نەبووبێت و لە هەر شوێنێکی تردا ساڵی چاپەکەی بۆ نووسرابێت، ئەو ساڵەی بۆ دانراوە... ئەگەر لە هیچ شوێنێك ساڵی لەسەر نەنووسرابێت، تەماشای کۆتایی (پێشەکی) یان هەر وتەیەکی سەرەتای کتێبەکە کراوە، ئەگەر ساڵی بۆ نووسرابێت، ئەوا لەو ساڵەدا دانراوە... ئینجا ئەگەر لە هیچ شوێنێکدا ساڵی لەسەر نەبووبێت، ئەوکات لە (نادیار- بێ ساڵ)دا واتە لە کۆتایی کتێبەکاندا دانراوە.**

**١١. ئەو کتێبانەی کە لە ئێران چاپ کراون، ناچاربووین[٢] کە بەپێی جیاوازی (٦٢١) ساڵ لەگەڵ ساڵی زایینیدا، یەکسانیان بکەینەوە[٣].**

---

١- بۆ نموونە لە نووسینی ناوی (محمد و موحەمەد و محەممەد)دا نایەکچوونی هەیە و هەموویان کراون بە (محەممەد). هەروەها (حوسێن، حسێن، حسەین) کراوە بە (حسین) و (ڕەواندز، ڕەواندوز...) کراوە بە (ڕواندز) (علی) بووە بە (عەلی) و بەم شێوەیە هەموو ناوەکان کراون بە کوردیی و ڕێنووسی کوردی، مەگەر لەناونیشانی کتێبدا بووبن کە دەستکارییان نەکراوە.

٢- بێگومان سەری ساڵی زایینی لەگەڵ سەری ساڵی کۆچی هەتاویدا، ٢ مانگ و ٢١ ڕۆژ جیاوازییان هەیە، واتە کاتێك ٢٠١٢ دێت هێشتا ١٣٩٠ی کۆچی هەتاوییە؟ چونکە لە نەورۆزدا سەری ساڵی کۆچی هەتاوی نوێ دەبێتەوە و دەبێت بە ١٣٩١، بێگومان ئەمەش ئەم جیاوازییە دروست دەکات... کە ئێمە ناچاربوون بەپێی ئەم پەراوێزەی دواترەوە، ساڵەکان بگۆڕین و مانگەکان فەرامۆش بکەین.

٣- ئەمساڵ کە ٢٠١٢ زایینی و ١٣٩١ی کۆچی هەتاوییە، کاتێك (٦٢١) ژمارە لە (٢٠١٢) کەم دەکەیتەوە، (١٣٩١) دەمێنێتەوە، کە ساڵی کۆچی هەتاوی دەردەچێت: ٢٠١٢-٦٢١= ١٣٩١.

١٢. ئەگەر لەپەراوێزدا، وترابێت (ناو)ی کتێبەکە لەسەر بەرگی دواوە بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی نووسراوە، ئەوا مەبەست تەنها لەناوی کتێبەکەیە، ئەگەریش (ناسنامە) وترابێت، ئەوا مەبەست لە کەمێك وردەکاری ناوی نووسەر و دەزگای چاپ و ئەمانەیە.

١٣. هەر کتێبێك ناوەڕۆکی هەبووبێت و بە هەر ناوێکەوە نووسرابێت (پێڕست، ناوەڕۆك، نێوەرۆك، ناواخن، سەرباس...) لە سەرەتا بووبێت یان لە کۆتایی کتێبەکەدا، لە نووسینەوەی ناوەڕۆکدا وەك خۆی نووسراوەتەوە. ئەگەر جۆرە کەموکورتییەکیش لە نووسینەوەی ناوەڕۆکەکەدا هەبووبێت – بۆ نموونە وێنەکان یان پاشکۆ ...– بۆیان نووسراوەتەوە.

١٤. دەکرێ لە نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەندێ کتێبدا، بەهۆی لاپەڕە هەڵدانەوەوە، چەند ناونیشانێك بواردرابێت. هەروەها هەندێ جاریش بەهۆی ناونیشانی زۆر و کورتی باسەکانەوە، ناچاربووین چەند ناونیشانێك هەڵببژێرین و هەندێکیش نەنووسینەوە.

١٥. لەگەڵ نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەر کتێبێکدا ئەگەر کەموکوڕی یان لەبیرچوون و ناتەواوییەك یان هەڵەی تایپ لە بوونی ناوەڕۆکی کتێبێکدا هەبووبێت، چاکمان کردووە و لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی خۆیدا نووسیومانەتەوە.

١٦. زۆر و کەمی لە نووسینەوەی ناوەڕۆکدا، لەوەوە نەهاتووە کە زۆر یان کەم بایەخمان بە کتێبێکی تایبەت دابێت، بەڵکو هەندێك کتێب بە چەند ناونیشان و بەشێك، مەبەست و ناوەڕۆکی کتێبەکەیان بە دەستەوە داوە، لەکاتێکدا لە نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەندێك کتێبدا، بۆمان نەکراوە کە بە چەند ناونیشانێك بیناسێنین... لەبەرئەمانە مەرج نییە قەوارەی کتێبەکە – لەڕووی کەم و زۆری لاپەڕەوە– پەیوەندی بە زۆری کەمی ناوەڕۆکەکەیانەوە هەبێت. لەسەرەتادا زۆرتر ناوەڕۆکمان دەنووسییەوە، بەڵام دواتر، کەمتر –واتە بەهۆی پێشکەوتنی کتێبی کوردییەوە–. لەگەڵ ئەمەشدا و تاکو ٢٠١٠یش، ئەوانەی کە لە بابەتی زۆر پێك دەهاتن، ناچاربووین کە زێدەڕۆیی لە نووسینەوەی ناوەڕۆکەکانیاندا بکەین، بەڵام ئەوانەی کە بە ناونیشانی سەرەکی کتێبەکە و ناونیشانی چەند بەشێك، ئەرکی خۆیان بە خوێنەر دەگەیەنن، ناچاربووین کە تەنیا ناوی بەش و بابەت و تەوەرە سەرەکییەکانیان بنووسینەوە. هەروەها لەسەرەتادا، لەنووسینەوەی ناوەڕۆك یان ناونیشانەکاندا، هەر چۆنێك بوایە بەهەمان شێوە دەنووسرانەوە، بەڵام کاتێك

زانیمان پرۆژەکە زۆر فراوان بووە، ناچاربووین لە هەندێ شوێندا کورتیان بکەینەوە یان هێمای (...) بۆ تەواوکردنی ناونیشانەکان دابنێن، بەمەرجێك کە لە بایەخی بابەتەکان کەم نەکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەگەر نووسەر لە نووسینەوەی ناوەرۆکدا خۆی بە کورتی ناونیشانەکەی نووسی بێت و مانا و مەبەستەکەی ناتەواو بووبێت، خۆمان بابەتەکەمان دۆزیوەتەوە و ناونیشانیان بۆ تەواو کردووە. هەروەها ئەگەر نووسەرەکان بە دوو جۆر ناونیشانیان –لە شوێنی خۆی و ناوەرۆکدا– بە جیاواز نووسیی بێت، کامیان تەواوتر، مانا و مەبەستی بابەتەکەی بەدەستەوە دابێت، ئەومان هەڵبژاردووە.

١٧. لە نووسینەوەی ناوەرۆکی ئەو کتێبانەی کە بابەتی زۆر و هەمەجۆریان تێدا بووە، زۆرتر ئەو ناونیشانانەمان نووسیوەتەوە کە تایبەت بوون بە تەوەری سەرەکی بیبلیۆگرافیاکە؟ چونکە دانانی ئەو جۆرە کتێبانەمان بە باشتر زانیوە وەك لابردن و فەرامۆشکردنیان. ئەوانەشی کە بابەتێکی زۆر کەمیان تێدا بووبێت، ئەوا ناچاربووین فەرامۆشیان بکەین.

١٨. نووسەر چ ناونیشانێکی بەکارهێنابێت، بەهەمان شێوەی خۆی دانراوەتەوە وەك: دووەم بەش: یەکەم بەش... هەروەها ئەو شێوازەی کە نووسەران ناونیشان و ناوەرۆکیان پێنووسیوەتەوە، دەستکاری نەکراون و تەنها لە ڕووی ڕێنووسەوە ڕێك خراون، بۆ نموونە ئەگەر نووسەر (قۆناخ، دووهەم، سێهەم)ی نووسیبێت، نەکراون بە (قۆناغ، دووەم، سێیەم)، واتە شێوازی نووسین لەلای نووسەران دەستکاری نەکراوە، تەنها بە ڕێنووسی باوی ئێستا نووسراونەتەوە.

١٩. مەرج نییە بۆ هەر کتێبێك کە چەند جارێك چاپ کراوە، هەموو چاپەکانیمان دەست کەوتبێت، بەڵکو هەر چاپێکمان پەیدا کردبێت، لەسەر ئەو چاپە کارمان کردووە و بەپێی زانیاری ناو کتێبەکە، زانیارییەکانمان نووسیوەتەوە؟ چونکە مەبەستی سەرەکی ئەم بیبلیۆگرافیایە جەردکردن – وەرگرتنی داتا–ی چاپ کراوە کوردییەکان نەبووە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیارییەکانە لە چوارچێوەی کتێبێکدا... کەواتە هەر نۆرە چاپی کتێبێکمان گیر کەوتبێت، لەو ساڵەدا دانراوە کە چاپەکەی تێدا کراوە، ئەگەریش نۆرەی چاپەکانی ترمان دەست کەوتبێت، ئەوا کامیان زووترین چاپ بووبێت، ناوەرۆك لەگەڵ ئەودا نووسراوەتەوە و چاپەکانی تریش لە شوێنی خۆیان و بەبێ ناوەرۆك دانراون، هەروەها ئەمەشمان بۆ نووسیوە: بۆ

زانیاری زۆرتر، بڕوانە کتێبی ژمارە؟ کە ژمارەی ئەو چاپی کتێبەیە کە (ناوەڕۆک)ی بۆ نووسراوەتەوە.

٢٠. لەنووسینەوەی ناوەڕۆکدا، لەنێوان ناونیشانەکاندا ئەم هێمایەمان (/) لە وێرگوڵ (فاریزە) یان خاڵ پێ باشتر بوو. هەروەها، نیشانە و هێماکانی وەك: (١، ٢، ٣) یان (أ، ب، ج) یان باسی یەکەم، باسی دووەم... بەزۆری لابراون و تەنیا ناوی بابەتەکانیان نووسراوەتەوە. هەروەها کەمترین وێرگوڵ (،) بەکارهاتووە و بەزۆری کراون بە (–) و لە نووسینی نیشانەی نێوان ڕۆژ و مانگ و ساڵیشدا، هەر ئەم نیشانەیە (–)مان بەکارهێناوە.

٢١. هەر کتێبێك نەکەوتبێتە بەردەستمان و خۆمان ناوەڕۆك و ناسنامەمان بۆ ئامادە نەکردبێت، دانەنراوە.

٢٢. جگە لە کتێب، هیچ جۆرە بڵاوکراوەیەکی تر دانەنراوە، تەنانەت هەندێ بڵاوکراوە کە لە کتێبیشەوە نزیك بوون[١]، هەر دانەنراون.

٢٣. ئەو کتێبانەی لە پاشکۆیاندا زنجیرە کتێبی دەزگای بڵاوکەرەوەیان تێدا بووە، ژمارەی ئەو چەند لاپەڕەیەی لیستی چاپکراوەکان، وەك لاپەڕەی کتێبەکە ئەژمار نەکراوە.

٢٤. بڵاوکەرەوەی (سەیدیان) لە شاری (مهاباد)، لەساڵانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)ـەوە، کۆمەڵێك کتێبی چاپ کردووە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، هیچ جۆرە دەستکارییەکی نەکردوون و هیچ ئاماژەکیشی لەسەر دانەناون، کە تێبینیمان بۆ هەندێکیان نووسیوە. هەروەها ڕەنگە لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، هەندێ کەس و لایەن، کاری کۆپیکردن یان بڵاوکردنەوەی چەند دانەیەکیان بۆ هەندێك کتێب کردبێت، کە لە ناسنامەی کتێبەکاندا، هیچ ئاماژەیەکمان بەو شوێنانە نەکردووە، ئەگەریش زۆر دڵنیا بووبین لێی، بە تێبینی ئاماژەمان پێکردوون.

٢٥. لە ساغکردنەوەی ناوی نووسەر و وەرگێڕدا، هەوڵی زۆرمان داوە؟ چونکە لە هەندێك کتێبدا بەتەواوی ئاماژەیان پێ نەکراوە، هەروەها هەندێ کتێبی وەرگێڕدراویش، زانیاری تەواوی لەسەر نەبووە، لەبارەی ئەوەی کە ئایا لە چ زمانێکەوە وەرگێڕدراوە یان چەند قۆناغی وەرگێڕانی هەبووە...

---

١– بۆ نموونە (ڕۆڤار) کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە کەسایەتییەکانە و (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) دەری دەکات و تاڕادەیەکی زۆریش لە ئەم بیبلیۆگرافیایەوە نزیك بوو؟ چونکە (کتێب) نەبوو، دانەنراوە.

ئەوەندەی توانرابێ، هەوڵی ساخکردنەوەی ئەم زانیارییانە دراوە.[1] هەروەها لە ئاماژەکردن بە (وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی)دا، بەپێویستمان نەزانیوە کە بۆ هەر کتێبێك بنووسین (وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی)، بەڵکو تەنیا نووسیومانە (وەرگێڕانی لە فارسییەوە یان وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە)، واتە دوا وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردییە و بەم شێوەیە...

٢٦. کتێبێك ئەگەر لە ٢٠١١یشدا چاپ بووبێت، بەڵام لە ٢٠١٠ یان زووتر ژمارە سپاردنی وەرگرتبێت و کەوتبێتە بەردەستمان، دامان ناوە.

## هێما بەکارهاتووەکان

لەپێناو دووبارەنەبوونەوەی هەندێ لە وشەکان، ئەم چەند هێمایەمان دیاری کردووە:

چاپ: نۆرەی چاپە واتە چاپی یەکەم و دووەم

چ: چاپخانە

ش: شوێن

ژس: ژمارەی سپاردن

س: ساڵ

ل: لاپەرە

ق: قەوارە (مەبەست لە سانتیمەترە و درێژی پێش پانی نووسراوە)

ه: لە لیستی نووسەر و وەرگێڕدا بۆ کاری هاوبەش دانراوە.

بۆ (چاپخانە)کانیش بەم شێوانە کورت کراونەتەوە:

و- وەزارەت

ز- زانکۆ

ك- کۆلیژ

کۆڕ...: کۆڕی زانیاری ئێراق و کۆڕی زانیاری کورد

---

١- تەنانەت لەپێناو ساخکردنەوەی ناوی نووسەر یان وەرگێڕی هەندێ کتێبدا، تەواوی کتێبەکەمان تاووتوێ کردووە، کە هێشتا هەندێ زانیاری بە نادیاری ماونەتەوە... بۆ هەندێکیان سەرنج و پەراوێزمان نووسیوە، کە بێگومان ئەم خاڵە لە ئامادەکردنی لیستی (نووسەر و وەرگێڕ)یشدا بەهەمان شێوەیە.

## شێوازی پۆلێنكردن و جیاكردنەوەی كتێبەكان

هەروەك لەبابەتەكانی پێشتردا ئاماژەمان بە چەند خاڵێك كرد... ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە لە پۆلێنكردن و جیاكردنەوەی كتێبی كوردیدا، كێشەی گەورەمان تووش دەبێت، بەتایبەت لە ئامادەكردنی بیبلیۆگرافیای پۆلێنكراودا.

لە ئامادەكردنی كتێبی (بیبلیۆگرافیای كتێبی فۆلكلۆری كوردی)دا هەوڵی چارەسەركردنی ئەو كێشانەمان دا كە لە كۆكردنەوەی فۆلكلۆردا هەیە، ئەویش بە چەند هەنگاوێك:

كتێبەكەمان بەسەر دوو بەشدا جیاكردەوە:

بەشی یەكەم: تەوەری یەكەم: ١- ئەدەبی زارەكی/ ٢- پەند و ئیدیۆم/ ٣- مەتەڵ/ ٤- گۆرانی و هۆنراوە/ ٥- پەخشان. تەوەری دووەم: ١- لاسایبباو/ ٢- دابونەریت (جلوبەرگ، خواردن، خووڕەوشت، بیروباوەڕ)/ ٣- پیشەكان/ ٤- دەرمانسازی/ ٥- وەرزش و یاری. تەوەری سێیەم: لێكۆڵینەوە و هەمەجۆر. تەوەری چوارەم- پاشكۆ: لیستی ناوی نووسەر و وەرگێڕ.

بەشی دووەم- تەوەری یەكەم: ئەو كتێبانەی بابەتی فۆلكلۆری كوردییان تێدایە. تەوەری دووەم: ئەو تێكستە ئەدەبییانەی فۆلكلۆر سەرچاوەیان بووە/ تەوەری سێیەم: كتێبی دوورە دەست/ پاشكۆ: لیستی ناوی نووسەر و وەرگێڕ.

لەگەڵ ئەمانەشدا، لەدوای زۆربەی بەشەكان، لیستێكمان ئامادەكرد بۆ ئەو كتێبانەی كە لە هەمان بابەتدا كاریان كردووە، یان فۆلكۆریان كۆ كردووەتەوە[1].

لەبەرئەوەی ئەم بیبلیۆگرافیایە بە مەبەستی هاوكاریكردنی نووسەران و لێكۆڵەران ئامادە كراوە، هەروەها دوای بوونی ئەم هەموو ئاستەنگ و گرفتەی كە لە بەردەمی كتێبی كوردیی و ئامادەكردنی بیبلیۆگرافیای كتێبدا هەیە... بۆ دابەشكردن و جیاكردنەوە و پۆلێنكردنی كتێبەكان، تووشی دوودڵیی و ئاستنەگی زۆر بووینەوە[2]...

هەروەك پێشتر چەند جارێك ئاماژەمان پێكرد، زۆرێك لە كتێبەكان لە بابەتگەلی تێكەڵ و جیاواز دواون، ئەمەش بە جۆرێكی تر، دانان و لابردن و پۆلێن كردنی

---

١- بۆ نموونە لە بەشی (پەندو ئیدیۆم)دا جگە لەو كتێبانەی كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاریان لەسەر ئەو بەشە كردووە، لیستێكمان بۆ هەموو ئەو كتێبانەش ئامادە كرد كە لە هەر بابەتێكی تردا كاریان كردووە، لەهەمان كاتیشدا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ كاریان لەسەر (كۆكردنەوە) یان (لێكۆڵینەوە) لە (پەند و ئیدیۆم) كردووە.

٢- دوای ئەم بابەتە، بەرگ و بەشەكان خراونەتەڕوو.

**هەندێ کتێب، ئەستەم و گرانتر دەکات. بە واتایەکی تر هەندێ لە کتێبە کوردییەکان، بەشێوازێکی وا نەنووسراون کە خانەیەکی (پۆلێن– تصنیف)ی تایبەت وەربگرن...**

**سەرەڕای بوونی ئەم هەموو گرفتانە، ئەم بیبلیۆگرافیایە، بەپێی چەند سەرچاوەیەك پۆلێن و جیاکردنەوەی بۆ کراوە، بێگومان هەر چۆنێك بێت، وەك ئەوە نییە کە لە کتێبخانەیەکدا کارەکە ئەنجام دەدەیت، واتە ئەم هەموو کۆدە جیاناکرێتەوە... لەبەرئەمە ناچاربووین لە چەند بەرگێکدا جێگەیان بکەینەوە[1].**

**جگە لەو باس و بابەتانەی کە پێویست بە ئاماژە پێکردن ناکەن و تاڕادەیەك بابەتی سەربەخۆن، ئەوانی تر بەم شێوەیە پۆلێن کراون:**

**١. لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتی و ناودارانی کورد، بەپێی تایبەتمەندی کەسایەتییەکە پۆلێن کراوە، واتە هەر یەکێکیان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان لە بەرگ و بەشەکاندا دانراون. هەندێکیشان ئەگەر لە ڕوویەکی تایبەتەوە قسەی لەسەر کەسایەتییەك کردبێت، ئەوا لەو باسە تایبەتەدا دانراوە.[2]**

**٢. ئیسلامی سیاسی کراوەتە مێژووی هاوچەرخەوە و لە ئاییندا دانەنراوە.**

**٣. چاوپێکەوتن و دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکان، هەر لەو بەشانە دانراون کە تەوەری بابەتەکەیان هەڵگرتووە. وتاریش بەهەمان شێوە، واتە بەپێی ناوەرۆکی وتارەکان پۆلێن کراون: ئەگەر ئەدەبی بووبێت، لە ئەدەب و ئەگەر سیاسی بووبێت لە مێژووی هاوچەرخ و بەم شێوەیە...**

**٤. ئەو کتێبانەی کە وەك (فۆتۆ) کاریان لەسەر هەر بابەتێك کردووە، لە بەشی هونەردا دانراون.**

---

**١– لە پۆلێنکاری و جیاکردنەوەی بەرگەکان و دابەشکردنی کتێبەکاندا، چەند کتێبێك وەك سەرچاوە، لەبەرچاوە گیراون:**

- **مێژوو– کورتە باسێکی مێژوو و کورد و مێژوو، نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپی یەکەم، چ (دار آفاق عربیة)، بەغداد، ١٩٨٣**
- **بیبلیۆگرافیای کوردناسی– کورد و کوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چ (حاجی هاشم)، هەولێر، ٢٠٠٩**

**هەروەها کەڵك لە شێوازی پۆلێن کردن و بەرگەکانی (ئینسکلۆپیدیای هەولێر)یش وەرگیراوە. ئەمە جگە لە پرس و ڕای کەسانی شارەزا، هەروەها ئەزموون و کارکردنی چەند ساڵەمان، لە بواری کتێب و کتێبخانە و ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیادا...**

**٢– بۆ نموونە: قسەکردن لە سەر (پیرەمێرد) زۆرتر لە بەرگی ڕاگەیاندندا دانراوە، بەڵام ئەگەر نووسەرێك لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی (پیرەمێرد) قسەی کردبێت، ئەوا لە ئەدەبدا دانراوە.**

٥. ئەو کتێبانەی کە پەیوەندییان بە (کتێب و نووسەر و بیبلیۆگرافیا)وە هەیە، زۆربەیان لە بەشی (ئەدەب)دا دانراون، تەنیا ئەوانە نەبێت کە پەیوەندییان بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە هەیە. هەروەها ئەگەر بیبلیۆگرافیایەك تایبەت بە یەکێك لەم بەشانە بوو بێت، ئەوا لەو بەشەدا دانراوە.

٦. ئەو کتێبانەی کە دوو بابەت یان زۆرتریان تێدا بووە، ناچاربووین بۆ یەکێك لە بەرگەکان، تەرخانی بکەین.

٧. هەندێ کتێب هەیە کە لە ڕوانگەی ئەو کارانەی وەك مێژوو پشتیان بە (فۆلکلۆر) بەستووە لە (بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی)یدا دانراون، کە ناچاربووین هەندێکیان لێرەشدا دووبارە دابنێینەوە، هەروەها هەندێ لەو کتێبانەی کە لەوێدا وەك سەرچاوەی لاوەکی دانراون، لێرەدا بەتەواوی دانراونەتەوە.[1]

٨. ئەو کتێبانەی کە تایبەتن بە مێژووی ئەدەبیات و بەشەکانی فۆلکلۆری کوردییەوە، ئەگەر پێش ٢٠٠٤ بووبن ئەوا لە ناو بیبلیۆگرافیاکەی تردا هاتوون، ئەگەریش دوای ئەو مێژووە بن، لە دەرفەتێکی تردا، وەك (پاشکۆ)ی ئەو بیبلیۆگرافیایە، ئامادەیان دەکەینەوە.

٩. ئەو کتێبانەی نەگرتووەتەوە کە مێژووی کوردیان کردووە بە میتۆد بۆ نووسینی ڕۆمان و شانۆنامە و چیرۆك یان مێژوویان بە هۆنراوە گێڕاوەتەوە.

١٠. ئەگەر کتێبێك کورتە باس و بابەتی ڕۆژنامەوانی لە خۆگرتبێت و بابەتەکان پەیوەست بووبن بە یەکێك لەبەرگەکانی ئەم بیبلیۆگرافیایەوە، جێگەمان کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر کتێبێکی لەم جۆرە هیچ بابەتێکی تایبەت بە کورد و کوردستانی تێدا نەبووبێت، ئەوا دانەنراوە.

١١. لەبارەی ئەو کتێبانەی تایبەت بە ئەدەبی کوردی بوون و لێرەدا دانراون، چەند بنەمایەك پێڕەو کراون کە لەبەشی ئەدەبدا ئاماژەیان پێ کراوە.

١٢. ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە وەك کتێب کۆکراونەتەوە و چاپکراون، لێرەدا جێگەیان بووەتەوە و لەبەشی ڕاگەیاندن دانراون، تەنانەت بۆ گۆڤارەکان کەمێك لە ناوەڕۆکی ژمارەکانیشمان نووسیوەتەوە کە ئەم کارەمان بۆ (ڕۆژنامە)کان نەکردووە.

---

١- لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای فۆلکلۆردا... زۆر بەوردی بە نێو کتێبخانەی کوردیدا گەڕاین و هەرچی لەبارەی فۆلکلۆری (کورد و کوردستان)ـەوە نووسرابێت، بە شێوەیەك ئاماژەمان پێ کردووە، بەڵام لە نووسینەوەی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە لاوەکییانەدا، ناونیشانەکانی ترمان فەرامۆش دەکرد، کە هەندێ لەو کتێبانە لێرەدا بەتەواوی نووسراونەتەوە.

**١٣. هەنــدێ کتێــب کــە وەك سەرچــاوە لەســەر (مێــژوو) نووســراون و پەیوەندییەکیان بە کورد و کوردستانەوە هەیە، لێرەدا دانراون، بەڵام کتێبێك کە لەسەر مێژوویێك بووبێت و هیچ پەیوەندی بە بەرگەکانی ئەم بیبلیۆگرافیایەیەوە نەبووبێت، دانەنراوە، تەنها هەندێ لەو کتێبانەمان داناوە کە نووسەرەکانیان کورد بوون.**

**١٤. سەرەتا ئەو کتێبانەی کە تایبەت بە بیبلیۆگرافیا و ئینسکلۆپیدیا بوون جیامان کردبوونەوە، بەڵام کاتێك کەوتینە ئەوەی بەشەکان ئامادە بکەین، ژمارەی ئەم کتێبانە زۆر کەم بوون و هی ئەوە نەبوون کە بەشی جیایان بۆ دابنێین، لەبەرئەمە ناچاربووین بەپێی بابەتەکانیان بەسەر بەشەکاندا دابەشیان بکەین.**

**١٥. دەکرا لە بەشەکاندا (ئیندێکس) بۆ ناوی شوێن و کەسایەتی و پارت و گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئامادە بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی بیبلیۆگرافیاکە بەپێی بابەت جیاکراوەتەوە، لەئێستادا ئەوەمان بە پێویست نەزانی، ئەگەر تەمەن درێژبووەوە و کات هەبوو، دەکرێ بۆ هەندێکیان ئامادەی بکەین.**

**١٦. کتێب هەیە هەر بەرگ یان (بەش)ێکی تایبەت بە بابەتێك بووە و ناچاربووین جیایان بکەینەوە و بەپێی بابەتەکانیان لەم بەرگانەدا دایان بنێین...**

## پاشکۆ:

- ❖ **لیستی ناوی نووسەر**
- ❖ **لیستی ناوی وەرگێڕ**

## چۆنیەتی ئامادەکردنی لیستی نووسەر و وەرگێڕ

لەبەرئەوەی ئەم بیبلیۆگرافیایە بەپێی بابەت و ساڵ ئامادە کراوە، لیستی ناوی نووسەر و وەرگێڕیشمان بۆ ئامادە کرد، ئەمیش بەمەبەستی کارئاسانی زۆرتر بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە ڕێی ناوی (نووسەر و وەرگێڕ)ەوە سەرچاوەکان بدۆزنەوە.

لیستی ناوی نووسەر و وەرگێڕ، بەپێی تیپی سەرەتای ناوەکانیان ڕیزکراون، لەژێر هەر ناوێکیشدا ناونیشانی بەرهەمەکانیان دانراوە، لە کۆتایی هەر ناونیشانێکیشدا، نیشانەی (/) و ژمارەی کتێبەکە – لەناو ئەم بیبلیۆگرافیایە و بە فۆنتێکی جیاوازتر و تۆختر– نووسراوە.

لە ئامادەکردنی ئەم دوو لیستەدا، ئەم خاڵانە لەبەرچاو گیراون:

١. هەردوو لیستەکە بەپێی ڕیزی تیپە کوردییەکان ڕیزکراون.
٢. هەر دوو لیستەکە، بەپێی سیستمی (نازناو) جێبەجێ نەکراون، بەڵکو هەر پێشناوێکی وەك (دکتۆر، پرۆفیسۆر، مەلا، سەید، شێخ،... تد) هەبووبێت، لە پێش ناوەکانیان لابراوە و لە دوای ناوەکانەوە لە ناو کەوانەدا نووسراوە، ئەگەر ناوێك چەند پێشناو و نازناو، یان ناوی خوازراوی هەبوو بێت، هەر یەکەیان لە جووت کەوانەیەکی سەربەخۆدا، دانراون[1].
٣. ئەگەر هەر هەڵە و جیاوازییەك لە ناوی نووسەر و وەرگێڕەکاندا هەبووبێت، واتە بە دوو جۆر ناوی خۆیان لەسەر کتێبەکان نووسیی بێت، ئەوەندەی زانیاریمان هەبووبێت، یەکمان خستوون.
٤. لە هەندێك کتێبدا دوو کار (نووسین و وەرگێڕان) کراوە، ناوەکە لە لیستی نووسەر و وەرگێڕدا هاتووە.
٥. لەم دوو لیستەدا، ناوی هەندێ لە کتێبەکان کورت کراونەتەوە.
٦. چەند قۆناغی وەرگێڕان لە کتێبێکدا هەبووبێت، بەپێی زانیاری بەردەست، ناوی هەموو وەرگێڕەکان دانراوە.

---

١– بێگومان ساغکردنەوەی ئەم ناوانە، بەپێی کتێبەکان و ئەوەندەی زانیاریمان لەبەردەستدا بوو بێت، ساغ کراونەتەوە... ئەگەر هەڵەشمان کردبێت، بەهەڵەی خۆمانی دانانێین؟ چونکە ناوەکان لەسەر کتێبەکان بەتەواوی نەنووسراون...

٧. کتێبی وەرگێڕاو، بۆ هەردووکیان (نووسەر) لە لیستی نووسەران و (وەرگێڕ)یش لە لیستی (وەرگێڕەکان)دا نووسراوە.
٨. ناوی کتێبەکان، بە ڕێنووسی پەسندکراو نووسراونەتەوە.
٩. ناوی کتێبەکان لە ژێر ناوی نووسەردا بەپێی ڕیزی کتێبەکان -لەم بیلیۆگرافیایەدا- ڕێکخراون، واتە لە ژمارەی کەمەوە بۆ زۆرتر.
١٠. ئەو کتێبانەی کە لە نووسین یان وەرگێڕانیدا بە هاوبەش کراوە، واتە چەند نووسەر و وەرگێڕێك کاریان تێدا کردووە، لەدوای ژمارەی کتێبەکە بە (ھ) واتە (هاوبەش) ئاماژەی پێ کراوە.
١١. ناونیشانی ئەو کتێبانەی کە هەردوو ساڵی کۆچی و زایینییان لەسەر بووە، تەنیا ساڵە زایینییەکە هێڵراوەتەوە.
١٢. ئامادەکردن و دووبارە لە چاپدانەوەی کتێبی نووسەرێك لە لایەك کەسێکی ترەوە (ئامادەکار)، لە لیستی نووسەردا دانراوە.

# ئـ


**ئارام داود**

- مێژووی کڵێسای کوردی لە سەردەمی ساسانییەکاندا/ ١٤٨

**ئارام عەلی سەعید**

- سەلاحەددینی ئەییوبی گەورەتر لە ڕەخنەگرانی/ ٢١٧

**ئاراس** (**دەزگای**) (**ھ**)

- سەرجەمی بەرھەمی حسین حوزنی– بەرگی یەکەم/ ٢٤٠
- سەرجەمی بەرھەمی حسین حوزنی– بەرگی یەکەم/ ٢٤١

**ئارتوور کریستێنسێن**

- ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان/ ٢١٠

**ئارشاك پۆڵادیان**

- کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا/ ١٠٦
- کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم/ ١٩٢
- کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم/ ٢٨٥

**ئارشاك سافرستیان** (**سافراستیان**)

- مێژووی کورد و کوردستان/ ٢٣
- کورد و کوردستان/ ١٧٠

**ئازاد عەبدولواحید**

- گەشتێك بەناو مێژوو، بەڵگەنامە، شوێنەوار.../ ٢٠٠

**ئاکۆ غەریب**

- ھونەری بیناسازیی کوردی ھەولێر/ ٢٣٢

**ئیبراهیم عومەر**
- کورد لە ناو ئایین و مێژوودا/ ٣٦

**ئیبنو ئەزەرقی فارقی**
- مێژووی میافارقین و ئامەد/ ٢٥٩

**ئدریس عەبدوڵڵا (د)**
- کوردۆلۆجی/ ٣٣٥ (ھ)
- کوردۆلۆجی/ ٣٩٠ (ھ)

**ئیحسان نووری پاشا**
- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد/ ٨٧
- مێژووی ڕیشەی نژادی کورد/ ١٥٧
- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد/ ٢٩٦

**ئیسماعیل ئەییوبی (سمکۆ ئەپرام)**
- مێژووی برووسکە- مێژووی کوردستان/ ١٥٦

**ئیسماعیل فەتاح قازی**
- کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا/ ٣٣٢

**ئیسماعیل نووری ئەلرەبیعی**
- ماقویل و هەژار- دیروکا شەڕێن خاج هەلگران/ ٣٩٦

**ئیسماعیل مەلا عەلی شیوەزوری (میرزا)**
- لاپەڕەیەك لە دیریکی کوردستانی موکری/ ٤١٠

**أ. گەرێبۆفسکی**
- نهێنیی کۆنترین مێژوو/ ٤٣

**ئی. م. دیاکۆنۆف**
- میدیا/ ٤٠
- میدیا/ ٢٠٢
- میدیا/ ٣٠٠

**أولغا میغالینا (ئۆلگا میگالینا)**
- مێژووی کوردستان/ ٢٩٧ (ھ)
- مێژووی کوردستان/ ٣٩٧ (ھ)

**ئۆسکارمانی ئەڵمانی ( پرۆفیسۆر)**
- قەڵای دمدم وە خانی لەپ زێڕین/ ٢٨

**ئۆ. ل. ڤلیچێڤسکی**
- نەژادی کورد- ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد/ ٦٥
- نەژادی کورد- ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد/ ١١٢

**ئومێد جۆزەلی (د)**
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٢/ ٣٠٤ (ھ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٣/ ٣٠٥ (ھ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٥/ ٣٠٦ (ھ)

**ئومێد بەهرامی نیا**
- مێژووی کوردەکانی جزیرە ٤٤٧-٦٥٦ك/ ٣٥٢

**ئەبوبەکر تارانی**
- کتێبی دیاربەکرییە/ ٢٥٣

**ئەحمەد حەمەدئەمین**
- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عیراق/ ٣٧٢

**ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی**

- محەممەد پاشای ڕواندز/ **١٧٥**

**ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل** (د)

- مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامیدا/ **٣٩٩**

**ئەحمەد موختار ئەلعبادی** (د)

- مێژووی ئەییوبی و مەملەکییەکان/ **٣٤١**

**ئەدمۆنس** (**میستەر سیسیل جۆن ئیدمۆندس "ئەدمۆنز"**)

- قسنیك لە کوردستانا/ **١٥**

**ئەردەشیر خودادادیان** (د)

- ئارییەکان و مادەکان/ **١٥٢**

**ئەرخەوان محەممەد عوبێد**

- ڕەمز و نووسینی سەر گۆڕەکان- چوار گۆڕستانی باشووری کوردستان بە نموونە/ **٢٧٦**

**ئەسکەندەر غۆریانس**

- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا ٤/ **٢٤٦**

**ئەڤیر یانۆڤ** (**پ. ی**)

- کورد- لەجەنگی ڕووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا/ **١٥٥**

**ئەکرەم جەمیل پاشا**

- مێژووی کوردستان/ **٢٦٢**

**ئەلبێرت چامپدێر**

- کۆرشی مەزن/ **٢٢٢**

**ئەلێکساندر پوشکین (پۆشکین)**
- گەشتێك بۆ ئەرزەڕۆم لە سەردەمی هێرشی ساڵی ١٨٢٩دا/ ٦٨
- گەشتێك بۆ ئەرزەڕۆم لە سەردەمی هێرشی ساڵی ١٨٢٩دا/ ٣٩٤

**ئەمیر حسین خونجی (د)**
- شاه ئیسماعیلێ سەفەوی و دامەزراندنا دەولەتا سەفەوی/ ٢٧٩

**ئەمین موتابچی (د)**
- کوردنامە- بەرگی یەکەم/ ٢٥٧

**ئەنوەر سوڵتانی**
- دوو زەیلی شەرەفنامەی بتلیسی/ ١٨٥

**ئەولیا چەلەبی**
- کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی/ ٤١

# ب

**بارۆن ئیدوارد نۆڵد**
- گەشتێك بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا- بەشی دووەم/ ١٧٣

**بازیل نیکتین**
- بازیل نیکیتین و کوردناسیی- بەرگی یەکەم/ ١٦٠

**باقر یاسین**
- مێژووی خوێناوی عێراق- ڕووداوەکان- هۆکارەکان- چارەسەرەکان/ ١٢٤

**برووس هاو**
- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ھ)

**برید وود**
- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ھ)

**بوار نوورەدین**
- میر عەبداڵ خانی بدلیس/ ٢٦٤
- میر عەبداڵ خانی بدلیس/ ٢٦٥

**بەحری ڕەشید دەروێش**
- نەورۆز/ ١١٣

**بەختیار سەعید مەحموود شوانی**
- کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا/ ٣٣٧

**بەدران ئەحمەد حەبیب**
- سەلاحەددین بدوێنین یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.../ ١٨٨

**بەدەوی عەبدولەتیف عەوەز (د)**

- مێژووی میافارقین و ئامەد/ ٢٥٩

**بەهمەنی کەریمی**

- لوڕستان- شوێنەواره مێژووییەکانی (پێشکۆ و پشکۆ)/ ٦٩

**بەهمەن فەیروزمەندی**

- دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمه مێژووییەکانی دەوڵەتی ماد و هاخامەنشی- بەرگی یەکەم/ ٣١٥ (هـ)
- دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمه مێژووییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی- بەرگی دووەم/ ٣١٦ (هـ)

**بەهرام ئەفراسیابی**

- قەڵای پەری لە کەریم خانەوە تا لوتف عەلی خان/ ٢٥٢

## پ

**پلوتارك**

- شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی/ ٣٨

**پ. لێرخ**

- نووسراوەکانی لێرخ لە بارەی کوردەوە/ ٤١٢

**پوژولا**

- گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧/ ٣٣٩

# ت

**تاریق محەممەد عەبدولڕەحیم**

- ڤلادیمیر ف. مینۆرسکیی ڕۆژهەلاتناس.../ ٢٨٢

**تاهر ئەحمەد حەوێزی**

- مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق- بەرگی یەکەم/ ٢٦

**توانا ڕەشید کەریم**

- ڕێبەری نامە ئەکادیمییەکانی بەشی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستان ١٩٨٩- ٢٠٠٩/ ٣١٩

**تۆفیق قەفتان**

- مێژووی حکومدارانی بابان لە قەلاچوالان تا دروست کردنی شاری سلێمانی.../ ٣٠

**تۆفیق وەهبی بەگ**

- ئەشکەوتەکەی گوندوک/ ١٦

**تیموتی لیڤی بیل**

- جەنگە سەلیبییەکان/ ٣٦٩

# ج

**جان ڕ. پێری**

- کەریم خانی زەند- مێژووی ئێران لە نێوان ١٧٤٧- ١٧٧٩/ ١٩٩

**ج. کوردۆ**

- مێژووی کوردستان- ڕەگەز و بناوانی شارستانییەتی کورد/ ٦٧

**جیمز ئا. کۆریك (کوریك)**

- ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی/ ٣٦٠
- سەدەکانی بەرایی ناوەڕاست/ ٣٧٧

**جۆزیف هۆرس**

- بەهای مێژوو/ ٢١٢

**جەلیلی جەلیل (د)**

- ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠/ ٤٩
- کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی/ ٥١

**جەلالی ئەمین بەگ**

- مێژووی کورد و هاوسێکانی- بەشی یەکەم/ ١٥٨

**جەمال بابان**

- سلێمانی شارە گەشاوەکەم- بەرگی یەکەم/ ٥٦

**جەمال ڕەشید ئەحمەد (د)**

- بەیەکگەیشتنی کورد و لان لە وڵاتی باب و شەروان/ ١٦١
- کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا/ ٢٩٢

**جەمشیدی سەداقەت کیش** (د)

- کوردەکانی پارس و کرمان- بەرگی یەکەم/ ٣٨٦

**جەمیل ئەحمەد زیرۆ هەرکی**

- شۆڕشا دمدم- ڕەسەنترین بەیتا وی یا فولکلۆری وە هندەك ژ مێژوویا (عالەم ئارای عەباسی)/ ٤٥

# چ

**چارلیس ئی. ڕید**

- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (هـ)

# ح

**حازم هاجانی**

- ڕەسەنیا گەلێ کورد د کوردستانێ دا/ ٢٧٤

**حافز قازی**

- سەلاحەددین ئەییوبی/ ١٨٧

**حسین حوزنی موکریانی (سەید)**

- خونچەی بەهارستان/ ١
- پێشکەوتن.../ ٢
- ئاوڕێکی پاشەوە- بەندی دووەم (حکوومەتی بەرزەکانی)/ ٣
- ئاوڕێکی پاشەوە- بەرگی دووەم- جزمی سێیەم/ ٤
- ئاوڕێکی پاشەوە- جزمی چوارەم/ ٥
- ئاوڕێکی پاشەوە- بەرگی دووەم- جزمی یەکەم/ ٦
- ئاوڕێکی پاشەوە- بەرگی سێیەم- جزمی یەکەم/ ٧
- مێژووی شاهەنشاهی کوردی زەند لە خاکی ئێرانا لە ١٧٤٩- ١٧٩٦ز/ ١٠
- مێژووی کورد و نادرشاه لە خاکی ئێرانا/ ١١
- کوردستانی موکریان یا ئاتروپاتین (ئاژربایجان)/ ١٣
- دیریکی پێشکەوتن- مێژووی دوو دەوڵەتی مەزنی (دوشتێك باز و هەزبانی).../ ٢٥
- مێژووی میرانی سۆران/ ٢٧
- سەرجەمی بەرهەمی حسین حوزنی- بەرگی یەکەم/ ٢٤٠
- سەرجەمی بەرهەمی حسین حوزنی- بەرگی یەکەم/ ٢٤١

**حوسامەددین عەلی غالب نەقشبەندی (د)**

- شارەزوور و لوڕستانی باکوور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا/ ٢٧٨

**حیلمی عەلی شەریف**

- داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان/ ٥٤

**حەبیبوڵڵای تابانی**

- هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد- بەرگی یەکەم/ ١٨٠
- هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد- بەرگی دووەم/ ١٨١
- زنجیرە لێکۆڵینەوەکانی مێژوو- هاونەتەوەیی کورد و ماد/ ٣٧٥

**حەسەن نراقی**

- چەردەیەك لە مێژووی ئێران/ ٣٧٠

**حەسەن مەحموود حەمەکەریم**

- کاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا/ ٨١
- کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا/ ٨٢
- فەتواکەی مەلای خەتێ (ئەفسانەی مێژوونووسێك)/ ٢١٨
- کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا/ ٢٥٥
- مەلا ئیدریسی بەدلیسی- ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا/ ٣٠٢

**حەسەن عەلی خان گەڕووسی**

- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ٦/ ٢٤٨

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٢/ ٣٠٤ (ھ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٣/ ٣٠٥ (ھ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٥/ ٣٠٦ (ھ)

**حەیدەر لەشکری**

- وێنەی کورد لە زانینی مێژووی ئیسلامیدا/ ٣٥٧

# خ


**خالید جووتیار**

- داستانی قەڵای دمدم/ ١٠٣

**خالید فریزی (مەلا)**

- میرنشینی سۆران.../ ١٢٧
- پوختەیەك لەمێژووی كورد لەسەرەتاوە تا ئێستا/ ١٦٢
- مێژووی دەوڵەتی ئەییوبی كورد/ ٢٠٧

**خالید موراد چەتۆییێف**

- مێژووی پێوەندییەكانی ڕووسیا و كورد/ ٢٢٨

**خوسرەو جاف**

- لوڕ كوردە یا لوڕە...؟/ ١٠٩

**خەسرۆ گۆران**

- كوردستان لە مێژوودا– چاخە كۆنەكان– بەشی یەكەم/ ١٢١

# د

**دۆن (دان) ناردۆ**

- ئیمپراتۆریەتی ئاشوور/ ٢٣٤
- ئیمپراتۆریەتی ئاشوور/ ٣٥٩
- ئیمپراتۆریەتی ئێران/ ٣٦١

**دۆمینکۆ لانزا (قەشە)**

- مووسڵ لە سەدەی هەژدەهەمدا بەپێی یادداشتنامەکانی قەشە دۆمۆنیکۆ لانزا/ ٨٤

**دەروێش یوسف حەسەن هروری (د)**

- وەلاتێ هەکارێ ٩٤٥- ١٣٣٦ز/ ٤٠٣

**دیڤید ماکداول**

- مێژووی هاوچەرخی کورد- بەرگی یەکەم/ ١٤٩

**ڕابیعه فەتاح شێخ محەممەد**
- کوردستان له سەدەی نۆیەمی کۆچی- پازدەی زایینیدا/ ١٩٦

**ڕایت جی ئار**
- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو له کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ھ)

**ڕۆهات ئەلاکۆم**
- کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن/ ١٩٥

**ڕۆبەرت ج. د**
- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو له کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ھ)

**ڕوفائیل بیداود** (قەشە)
- مووسڵ له سەدەی هەژدەهەمدا بەپێی یادداشتنامەکانی قەشە دۆمۆنیکۆ لانزا/ ٨٤

**ڕوقیه بەهزادی**
- ئاریایی و نائارياییەکان له ڕوانگەی کۆنی مێژوودا/ ٣٥٨

**ڕێناس گۆمەتاڵی** (سەید)
- چەند توێژینەوەیەك له مێژوو و شوێنەواره دێرینەکانی کوردستان/ ٣٧١

**ڕەئووف سەلیم حەوێزی** (مەلا)
- کوردستان و ئایینی ئیسلام/ ٣٣

**ڕەئووف محەممەد ئالانی**
- ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو/ ٢٣٣

**ڕەحیم سابیر**

- مێژووی ماد/ ٢٠٣
- کوردۆلۆژی- بەرگی دووەم/ ٣٣٦

**ڕەشید ئەدیبوشوعەرا (میرزا)**

- مێژووی ئەفشار/ ٢٩٤

**ڕەشید شێخ عبدولڕەحمان**

- مێژووی زاگرۆس/ ١٢٥

**ڕەشید یاسەمی (محەممەد وەلیخان)**

- مێژووی نەژاد و پەیوەستەگی کورد/ ٣٢
- کورد نەژاد و پەیوەستەگی- تۆماری تەمەن ١٠/ ٣٢٨

**ڕەفیق ساڵح**

- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ- سەرجەمی بەرهەمی محەممەد ئەمین زەکی بەگ- چوارەم بەرگ/ ٢١٥

# ز

**زرار سديق تۆفيق (د)**

- چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا/ ٢٧١
- كورد و كوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا ٦٣٧– ١٢٥٨ز/ ٣٨٣
- هۆز و دەسەڵاتە هۆزەكییە كوردییەكانی چاخی ناوەڕاست/ ٤٠٥

**زریان حاجی**

- كورد و بەرهەڵەستكارە سیاسییەكانی دەوڵەتی ئومەوی لە جەزیرە و شارەزوور/ ٢٨٨

**ئیگزینۆفۆن (زینۆفۆن- زەینەفۆن- گەزنەفۆن- گەزەنەفون)**

- كوردستان– شوێنی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی لە ٤٠١ی پێش میلاددا/ ٢٤
- گەشتەكەی زینۆفۆن/ ٢٢٦

**زەكی ساڵح**

- ڕیشەی كاریگەرییەكانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا/ ٣١٨


# ژ

**ژاك ڕیتۆری**

- گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەكانی كەركووك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨/ ٢٩٣

**ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی**

- كوردۆلۆجی/ ٣٨٩

# س

**سادق هیدایەت**
- کارنامەی هەردەشێری بابەکان/ ۱۸۹

**ساڵح قەفتان**
- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ/ ۳۱
- مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ/ ۱۷۹
- سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی/ ۳۲۰

**سدیق ساڵح**
- سەرجەمی بەرهەمی محەممەد ئەمین زەکی بەگ- یەکەم بەرگ/ ۱۸٦

**سمکۆ بەهرۆز محەمەد** (ئەژی)
- ئەراپخای- وڵاتی کوردەواری لە مێژوودا- شوێنی جوگرافیای ناوچەی کەرکووك لە سەردەمە مێژووییەکاندا- بەرگی یەکەم/ ۱۵۹
- مێژووی هونەری تەلارسازی ناوچەی کەرکووك لە ڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکاندا/ ۲۹۹
- کەرکووك لەنێوان شێواندنی مێژوو و دووبارە نووسینەوەیدا/ ۳۹۳

**سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر** (د)
- کارەساتی قەڵای دمدم ١٦٠٦- ١٦٠٨/ ۲۸۳

**سەرتیپ محەممەد ئەمین**
- هەمەوەند لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان/ ۳۰۳

**سەلام ناوخۆش** (پرۆفیسۆر)
- کوردۆلۆجی/ ۳۳۵ (هـ)
- کوردۆلۆجی/ ۳۹۰ (هـ)

**سەلاح محەممەد سەلیم هروری (د)**

- مێرگەها بۆتان د چاخێ بەدرخانێ ١٨٢١-١٨٤٧دا/ **٢٢٧**

**سەعد بەشیر ئیسکەندەر (د)**

- سیستەمی میرنشینی لە کوردستان- سەرهەڵدان و ڕووخانی.../ **١٦٥**
- سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان.../ **٣٢٢**

**سەعید دێرەشی**

- شەرەفنامەیا شەرەفخانێ بدلیسی تەرجەما مەلا مەحموودێ بازیدی ١٧٩٧-١٨٦٧/ **٢٥٠**

**سەعید مەموزینی**

- بەرکوڵێك لەمێژووی کورد و کوردستان/ **٢٣٥**

**سەید باز ئەلعمرینی (د)**

- مەغۆلەکان/ **٣٠١**

**سەیدییان (دەزگای چاپ لە مەهاباد)**

- بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا/ **٤٠٧**

# ش


**شاخەوان فایەق ئەلیاس**

- مەعریفەی مێژوو- خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ مێژوو/ ٣٥٥

**شاسوار خ. هەرشەمی**

- مێژووی ئارامییەکان لەکوردستاندا/ ٩٩

**شاکرو محوی**

- مێژووی کوردستان/ ٢٩٧ (هـ)
- مێژووی کوردستان/ ٣٩٧ (هـ)

**شوکروڵڵای بابان**

- سەلاحەددینی ئەییوبی قارەمانی نەمری کورد/ ٢٢
- کورد و کوردستان/ ٤٢
- مێژووی کورد و کوردستان/ ١٧٨

**شێرزاد محەممەد ئەمین ڕۆژبەیانی**

- کورد و ڕەگەزی ئاری/ ١٩٠
- کەرکووک- ناوی- مێژووی کۆنی- دانیشتوانی- دەسەلاتەکانی/ ٢٢٥

**شەرەفخانی بدلیسی**

- شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی/ ٣٧
- شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی/ ٤٤
- دوو زەیلی شەرەفنامەی بتلیسی.../ ١٨٥
- شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی- بەرگی دووەم/ ٢٤٩
- شەرەفنامەیا شەرەفخانێ بدلیسی تەرجەما مەلا مەحموودێ بازیدی ١٧٩٧-١٨٦٧/ ٢٥٠
- شەرەفنامە- مێژووی ماڵە میرانی کوردستان/ ٣٧٨

**شەفیقە عەلی حسین (لەیلان)**
- گوڵ گەشتێك بە ناوچەكانی كوردستاندا/ ٤٧
- قەڵا دێرینەكانی كوردستان- بەندی یەكەم/ ٣٢٦
- قەڵا دێرینەكانی كوردستان- بەشی دووەم/ ٣٢٧
- قەڵا دێرینەكانی كوردستان- بەرگی سێهەم/ ٣٨١
- قەڵا دێرینەكانی كوردستان- بەرگی چوارەم/ ٣٨٢

**شەمسی محەممەد ئیسكەندەر (د)**
- مێژووی كورد لە سەدەی ١٦هەمدا/ ٨٨
- مێژووی كورد لەسەدەی ١٦هەمدا/ ٣٥٠

**شەمسەددین سامی (قامووسولئەعلام)**
- ناودارانی كورد لە "قاموس الأعلام"دا/ ١١١
- كورد و كوردستان- لە یەكەم ئەنسیكلۆپیدسای توركی لە مێژوودا/ ٢٩٠
- كورد و كوردستان- لە یەكەم ئەنسیكلۆپیدسای توركی لە مێژوودا/ ٣٩١

# ع

**عوسمان عەلی** (د)

- چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد/ ١٨٣
- چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد- بەرگی یەکەم/ ٣١٣

**عومەر ئیسماعیل مارف**

- دەوڵەتی ماد ٧٠٠- ٥٥٠ پ.ز/ ٣٧٣

**عیزەددین ئیبن ئەسیر**

- تەواوی مێژوو- بەرگی یەکەم/ ٢٦٧
- تەواوی مێژوو- بەرگی دووەم/ ٢٦٨
- تەواوی مێژوو- بەرگی سێیەم/ ٢٦٩
- تەواوی مێژوو- بەرگی چوارەم/ ٢٧٠
- تەواوی مێژوو- بەرگی پێنجەم/ ٣١١
- تەواوی مێژوو- بەرگی شەشەم/ ٣١٢
- تەواوی مێژوو- بەرگی حەوتەم/ ٣٦٤
- تەواوی مێژوو- بەرگی هەشتەم/ ٣٦٥
- تەواوی مێژوو- بەرگی نۆیەم/ ٣٦٦
- تەواوی مێژوو- بەرگی دەیەم/ ٣٦٧

**عەباس پاشا** (**کوڕی عەلی پاشا کوڕی سوڵتان موڕادی پێنجەم**)

- مێژووی ڕەچەڵەکی عوسمانی/ ١٢٩
- مێژووی ڕەچەڵەکی عوسمانی/ ١٣٠

**عەباس عومەر محەممەد**

- مێژووی کوردە ئەیوبییەکان/ ٣٥١

**عەبدولڕەزاق ئەسفەهانی**


- گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ و ڕواندز/ ٣٣٨


**عەبدولڕەحمان مزوری**


- نەوروز و.. ئەژدەهاك و.. كورد/ ١٣٢


**عەبدولڕەقیب یوسف**


- شوێنەوارەكانی نەوێ لە شاخی سوورێن/ ٦٦
- دەوڵەتی دۆستەكی لە كوردستانی ناوەڕاستدا/ ٧٩
- پەیدابوون و دروستكردنی چەكی ئاگردار لە كوردستان/ ١٦٣
- بەرگری كردنمان لە قەڵای هەولێر ساڵی ١٩٩٠/ ٣٠٩ (ھ)
- وێران كردنی قەڵای كەركووك و هەوڵدانم بۆ ڕزگاركردنی- گرنگی قەڵات لە بواری كەلەپووریەوە/ ٤٠٢


**عەبدولخالید سابیر**


- سۆمەرییەكان- مێژوویان، شارستانێتیان، كۆتاییان/ ٣٢١


**عەبدولخالق سەرسام**


- سەلاحەددینی ئەییوبی ئەرمەنی نییە.../ ١١٨
- ئاڤێستای نەورۆز/ ١٨٢


**عەبدولجەبار محەممەد ئەلجەباری**


- ئافرەتە ناودارەكانی كورد/ ٢٩


**عەبدولحسین زەرینكوب (د)**


- دوو سەدە بێدەنگی/ ٢٣٧


**عەبدولحەمید ساڵح حەمدان (د)**


- ڕۆژهەڵاتناسەكان بە درێژایی سەدەكان/ ٣١٧

**عەبدولسەلام محەممەد حەیدەری (خۆشناو)**

- چەند لایەنێکی ونبوو لە مێژووی کورد/ ١٣٥

**عەبدولعەزیز سلێمان نوار (د)**

- پەیوەندییێت عیراقێ و ئیرانێ... کونگرێ ئەرزەروم ١٨٤٣-١٨٤٤/ ١١٤

**عەبدولقادر بەرزنجەیی (عەقیدی موتەقاعید)**

- فەرهەنگی زانیاری (قاموس الاعلام) ئەنیکلۆپیدیای کورد- بەرگی یەکەم/ ٣٥

**عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)**

- کورد لەسەرچاوە مێژووییەکاندا/ ٢٩١

**عەبدوڵڵا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی**

- کارکۆك لە مێژوودا/ ١٢٠

**عەبدوڵڵا عەلیاوەیی (د)**

- کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا/ ١٦٨
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٢/ ٣٠٤ (هـ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٣/ ٣٠٥ (هـ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٥/ ٣٠٦ (هـ)
- کوردستان لە چاخی مەغۆلدا ١٢٢٠- ١٣٣٥ز/ ٣٣١

**عەبدوڵڵا ئۆج ئالان**

- لەدەوڵەتی ڕاهبیی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراسییانە- بەرگی یەکەم / ١٧٤

**عەبدولوەحید (سەرهەنگ- عەقید)**

- کورد و نیشتمانەکەی/ ١٠٧
- کورد و نیشتیمانەکەیان/ ١٠٨

**عەلائەددین سەجادی**
- شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق/ ٢٠

**عەلی ئەکبەر سەرهەنگ**
- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١/ ٢٤٣

**عەلی ئەکبەر سەرفراز**
- دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمە مێژوویەکانی دەوڵەتی ماد و هاخامەنشی- بەرگی یەکەم/ ٣١٥ (هـ)
- دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمە مێژوویەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی- بەرگی دووەم/ ٣١٦ (هـ)

**عەلی تەتەر نێروەیی** (د)
- کورد و مێژوو ١/ ٣٨٧
- کورد و مێژوو ٢/ ٣٨٨
- مێژوویا نوویا ئیرانێ ژ دامەزراندنا حکومەتا سەفەویان تا دووماهیا جەنگێ جیهانیێ ئێکێ ١٥٠١- ١٩١٨/ ٤٠٠

**عەلی خان گۆنەخان ئەفشار**
- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ٢/ ٢٤٤

**عەلی دهقان**
- عالەم ئارای عەبباسی (شۆڕشا دمدم)/ ٤٥

**عەلی سەیدۆ گەورانی**
- چیرۆکی حکوومەتێکی خەیاڵی و وەرگێڕانی بەشێك لە کتێبی (من عمان الی العمادیة)/ ٩٣
- لە عەممانەوە بۆ ئامێدی/ ١١٠
- لوڕ و لوڕستان/ ١٢٣

**عەلی کەندی**

- مێژوونامە... بەرگی یەکەم/ ٢٦١
- ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە- بەرگی یەکەم/ ٣٠٧

**عەلی محەممەد سەلابی (د)**

- سەلاحەددینی ئەییوبی/ ٢٧٧
- دەوڵەتی سەلجوقی و دەرکەوتنی پرۆژەی ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەگ داکوتانی باتینی و شالاوی خاچپەرستی/ ٣١٤

**عەلی نەقی ئەلحوسەینی**

- مێژووی ٦٤١ ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەلانییەکان.../ ١٣١

# ف


**فازل قەرەداغی**

- مێژووی گەلی لوللو/ ٦٤
- مێژووی شوێنەواری شمشارە/ ٧٠ (ھ)
- چیرۆکی شمشارە/ ٧١
- مێژووی گەلی لوللو/ ٨٩
- مێژووی دێرینی کوردستان- کتێبی یەکەم/ ١٧٧
- مێژووی دێرینی کوردستان- کتێبی دووەم (ڕەخنە)…/ ٢٠٦
- بە ئیسلامکردنی کورد- ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟…/ ٢١١
- مێژووی دێرینی کوردستان- کتێبی سێیەم/ ٢٢٩

**فارووق حەفید**

- مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی کورد لە باشووری کوردستاندا/ ٦٣
- مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیای کورد لە باشووری کوردستاندا/ ٣٤٠

**فریدیدك ئاڕ**

- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ھ)

**فرەیزەر**

- گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا ساڵی ١٨٣٤…/ ٧٢
- گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا ساڵی ١٨٣٤…/ ٨٣

**فوئاد تاهیر سادق**

- هۆشیاریی مێژوویی/ ١٣٣

**فوئاد حەمە خورشید**

- کورد- کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە/ ١٠٥

**فەرسەت موری ئیسماعیل** (د)
- کورد و کوردستان- مشتومڕی ئەفسانە و مێژوو و ئایین/ ٣٨٥

**فەرهاد پیرباڵ** (د)
- سەرچاوەکانی کوردناسی/ ٨٠
- کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە/ ٢٢١
- کرۆنۆلۆژیای کوردستان/ ٢٢٣
- سوڵتانە عوسمانییەکان/ ٢٣٩
- کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە/ ٣٣٣

**فەرید ئەسەسەرد**
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٢/ ٣٠٤ (هـ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٣/ ٣٠٥ (هـ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٥/ ٣٠٦ (هـ)

## ڤ

**ڤلادیمیر مینۆرسکی**
- مینۆرسکی و کورد- کۆمەڵەی ٦ وتار/ ١٥٠
- مینۆرسکی و کورد/ ٢٣١
- بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی- بەرگی یەکەم/ ٢٣٦

# ق


**قادر ئەحمەدی**

- **کورد و مێژوو– کورتە باسێکە لە سەر ئایین و مێژووی کورد لە ٣٦٠٠ی پ.ز تا سەرهەڵدانی قاجارەکان/ ١٩٤**

**قازی عەبدوڵڵا شەیدا (مەردۆخی)**

- **مێژووی سانەکانی هەورامان (پاش ئیسلام)/ ٣٤٩**

**قاسم هاشمی نژاد**

- **کارنامەی ئەردەشێری بابەکان/ ٩٤**

**قەرەچەلەبی زادە**

- **هاتنی سوڵتان سلێمانی قانوونی بۆ گرتنی بەغدا/ ٢٠٩**

# ك


**کارل میولەر (د. ئەندازیار)**

- کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات/ ١٤١

**کاوس قەفتان (د) (کاکەی ڕێبوار)**

- چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی بابان سۆران بۆتان/ ٤٨
- چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی میرنشینی بابان سۆران بۆتان/ ٢١٤

**کامەران کوێخا جەلال**

- مێژووی کۆنی کەرکووك لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزیدا/ ٢٦٣

**کامەران محەممەد عەلی**

- کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠- ١٩٠٠/ ٢٥٦

**کاوە فیدا**

- فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە/ ٥٠

**کاوە مستەفا محەممەد هاوڕاز**

- ڕۆژهەڵاتناسیی لەنێوان ستراتیژی داگیرکاریی و ئایدیۆلۆژیای ستەمدا/ ١٣٨

**کەلیموڵڵا تەوەحودی**

- کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان- بەشی یەکەم/ ١٩٧
- کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان- بەشی دووەم/ ١٩٨
- کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان- بەرگی سێهەم/ ٣٢٩

**کلاریس سۆیشەر**

- ڕۆژهەڵاتی نزیکی کەونارا/ ٣٧٤

**کلۆدیۆس جێمس ڕیچ**

- گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠/ ٥٩
- گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠/ ١٤٣

**کۆڕی زانیاری کورد** (دەزگای چاپ)
- بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا/ ٣٩

**کۆزاد محەممەد ئەحمەد**
- کورستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز دا/ ٢٢٠
- کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز دا/ ٢٨٤

**کۆمەڵێك نووسەری ڕووسی**
- چەند وتارێکی کوردناسی/ ٥٢
- چەند وتارێکی کوردناسی ٢/ ١١٥
- چەند وتارێکی کوردناسی- بەرگی یەکەم/ ١٦٤
- چەند وتارێکی کوردناسی (١، ٢، ٣)/ ٢٧٢

**کەمال ئیبراهیمی** (سەید)
- کوردستان پێش لەڕووخانی نەینەوا/ ٢٨٧

**کەمال بورکای**
- کورد و کوردستان- لەسەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم/ ٢٨٦

**کەمال مەزهەر ئەحمەد** (د)
- مێژوو- کورتە باسێکی مێژوو و کورد و مێژوو/ ٤٦
- مێژوو- کورتە باسێکی مێژوو و کورد و مێژوو/ ٢٩٨

**کەمال نووری مەعرووف**
- مێژووی شوێنەواری شمشارە/ ٧٠ (هـ)
- هەندێك شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژووی کوردستان/ ٤٠٦

**کەیوان ئازاد ئەنوەر** (د)
- کورد لە چەند تۆمارێکی مێژووییدا/ ١٩١
- چەردەیەك لە مێژووی کورد/ ٢١٣
- ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی/ ٢٧٥

## گ

**گ. ڕ. درايڤەر**
- درايڤەر و كورد/ ١٨٤

**گۆران ئيبراهيم ساڵح**
- كـەركووك لـە سـەردەمى دەوڵـەتى عوسمانيـدا لـە نێـوان سـاڵانى ١٨٧٦-١٩٠٩/ ٢٥٤

**گوڵموراد موورادى (د)**
- كورتەيەك لە مێژووى ئۆلەكانى جيهان/ ٣٩٢

**گيرنوت ڤيلهێلم**
- شارستانييەتى خورييەكان/ ٣٢٣

**گيلان**
- كوردەكانى ئێران و هێرشى عوسمانى/ ١٦٩

## ل

**لوتفى**
- مير بەدرخان/ ٩٨

**ل. ڤورونكۆڤا**
- ئەسكەندەرى مەكدۆنى لە قوڵايى مێژوودا- لەشكركێشى ئەسكەندەر ساڵى ٣٣٤-٣٢٤ پ.ز- بەشى دووەم/ ٢٦٦

# م

**م. ئاورنگ**

- کوردناسی/ ٩٥

**م. أ. حسرتیان**

- مێژووی کوردستان/ ٢٩٧ (ﻫ)
- مێژووی کوردستان/ ٣٩٧ (ﻫ)

**ماتسۆن**

- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ﻫ)

**مارسل بریون**

- بیرەوەرییەکانی تەیمووری لەنگ/ ٩١

**ماری هال**

- ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل/ ٣٦٢

**ماڵکۆم کالیچ**

- ئەشکانییەکان (پارتەکان)/ ٣٦٣

**محەممەد ئەمین زەکی**

- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان- جلدی ئەوەل (جزمی ئەوەل)/ ٨
- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان- جلدی ئەوەل (جزمی دووەم)/ ٩
- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان- جلدی دووەم/ ١٢
- تاریخ سلێمانی وە ولاتی- لە دەوری زۆر قەدیمەوە.../ ١٤
- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان- بەرگی یەکەم و دووەم/ ١٠٢
- سەرجەمی بەرهەمی محەممەد ئەمین زەکی بەگ- یەکەم بەرگ/ ١٨٦
- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ- سەرجەمی بەرهەمی محەممەد ئەمین زەکی بەگ- چوارەم بەرگ/ ٢١٥

- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان- جلد ١/ ٤٠٨
- کورد و کوردستان جلد ١-٢-٣/ ٤٠٩

**محەممەد ئەمین مەنگوڕی (میرزا)**

- کورد و کوردستان لە ئیسلامەوە هەتا ١٩٧١/ ٢٨٩

**محەمەد ئەمین عەلی عەبدوڵڵا**

- شەڕی گۆگامێلا- ئەربێلا ٣٣١ پ.ز/ ٣٧٩

**محەممەد ئەمین هەورامانی**

- مێژووی هەورامان/ ١٢٦
- جوگرافیا و مێژووی هەرە دێرینی کورەکی کوردستان لە ئاڤێستادا- جوگرافیا و مێژووی هەرە دێرینی هەورامان لە ئاڤێستادا/ ٣٦٨

**محەممەد بایراقدار**

- ئیدریسی بدلیسی/ ٩٠
- ئیدریسی بدلیسی/ ٣٠٨

**محەممەد بن جەریر تەبەری**

- مێژووی تەبەری- بەرگی دووەم/ ٣٤٢
- مێژووی تەبەری- بەرگی سێیەم/ ٣٤٣
- مێژووی تەبەری- بەرگی چوارەم/ ٣٤٤
- مێژووی تەبەری- بەرگی پێنجەم/ ٣٤٥
- مێژووی تەبەری- بەرگی شەشەم/ ٣٤٦
- مێژووی تەبەری- بەرگی حەوتەم/ ٣٤٧
- مێژووی تەبەری- بەرگی هەشتەم/ ٣٤٨

**محەممەد تاتانی (د)**

- وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا/ ٣٥٧

**محەممەد جەمیل ئەلعوسمانی**

- مێژووی شەڕی ئەهلی سەلیب و قارەمانی کورد سەلاحەددینی ئەییوبی- بەشی یەکەم/ ٢١

**محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی (مەلا)**

- فەرمانڕەوایی موکریان/ ٥٧
- مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری/ ٧٣
- چوار دەوڵەتی کورد... دونبولی، شاهێنی، شوانکارە، میننەتشاهی/ ١٠١
- کورد و ڕەگەزی ئاری/ ١٩٠
- کەرکووك: ناوی- مێژووی کۆنی- دانیشتوانی- دەسەڵاتەکانی/ ٢٢٥

**محەممەد حەمە باقی**

- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا/ ١٠٤
- میرنشینی ئەردەڵان بابان سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٧٩٩-١٨٤٧/ ١٢٨
- ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٨٥٤- ١٨٨١/ ١٣٧

**محەممەد ڕەسووڵ هاوار**

- کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان- بەرگی یەکەم/ ٢١٩

**محەممەد ساڵح قەرەداغی (د)**

- کورد و کوردستان/ ٣٤

**محەممەد سدیق میرزا**

- کورد و دیرۆکە تالانکراوەکەی/ ١٧١

**محەممەد سوهەیل (سهێل) تەققوش (د)**

- مێژووی دەوڵەتی عەباسی/ ٢٩٥
- عوسمانییەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا/ ٣٢٤
- عوسمانییەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا/ ٣٢٥
- مێژووی دەوڵەتی سەفەوی/ ٣٩٨

**محەممەد سەعید ئیبراهیمی محەممەدی (ئاوێر)**

- قارەمانانی نەتەوەی کورد- بەرگی یەکەم/ ١٥٣

**محەممەد فیدا**

- فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە- داستانی مێژوویی فەقێ ئەحمەد.../ ٥٠

**محەممەد مەردۆخ (مەردوخ) (شێخ)**

- سەرەتایەك لە مێژووی میللەتی کورد- بەشی یەکەم/ ١٧
- مێژووی کورد و کوردستان- بەشی یەکەم/ ١٨
- مێژووی کورد و کوردستان- بەشی دووەم/ ١٩
- مێژووی کورد و کوردستان/ ٥٥
- مێژووی کورد و کوردستان/ ٢٦٠
- مێژووی کورد و کوردستان- جلد ١-٢/ ٤١١

**محەممەد مەحموود مەندەلاوی (د)**

- مێژوو و شارستانیەتی کورد/ ٣٥٤

**محەممەد نەجم تاڵەبانی**

- ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد بە ڕابەریی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری/ ٦١

**م. س. لازاریف**

- مێژووی کوردستان/ ٢٩٧ (هـ)
- مێژووی کوردستان/ ٣٩٧ (هـ)

**موحسین محەممەد حسین (پرۆفیسۆر. د)**

- لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان دوو قەڵاتدا/ ٦٠
- سەلاحەددینی ئەییوبی- ژیننامەی گەشترین/ ٦٢
- سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا/ ٢٣٨
- هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییاندا... ١١٢٨- ١٢٣٣ز/ ٤٠٤

**موفید ڕائف مەحموود عابد**

- مێژووی دەوڵەتی ساسانی- سەردەمی کیرەوییەکان ٢٢٦- ٦٥١/ ٣٥٣

**میر بەسری**

- ناودارانی کورد/ ١٥١
- ناودارانی کورد/ ٣٥٦

**میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ**

- مێژووی بەلوچ و بەلوچستان- بەرگی یەکەم/ ٢٠٤

**مێری هاڵ**

- گەشتەکانی مارکۆپۆلۆ/ ١٧٢
- گەشتەکانی مارکۆپۆلۆ/ ٣٩٥

**مەئموون بەگ کوڕی بێگە بەگ**

- یاداشتەکانی مەئموون بەگ کوڕی بێگە بەگ فەرمانڕەوای شارەزوور/ ١٣٤

**مەحموودی بانەیی (میرزا)**

- لاپەڕەیەك لە دیریکی کوردستانی موکری/ ٤١٠

**مەحموود زێوەر**

- چیرۆکی حکومەتێکی خەیاڵی و وەرگێڕانی بەشێك لە کتێبی (من عمان الی العمادیه)/ ٩٣

**مەستوورەی کوردستانی (ماه شەرەفخانم)**

- مێژووی ئەردەڵان/ ٥٣
- مێژووی ئەردەڵان/ ١٤٦
- مێژووی ئەردەڵان/ ١٧٦
- مێژووی ئەردەڵان/ ٢٠٥

**مەمدووح سەلیم مزوری**

- مێژووی ڕواندز/ ٢٣٠

**مەنسوور مەخدووم**
- گرنگی کورد و کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکانی ئێران.../ ١٤٢
- گرنگی کورد و کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکانی ئێران.../ ٢٥٨

**مەولود ئیبراهیم حەسەن (د)**
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٢/ ٣٠٤ (هـ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ٣/ ٣٠٥ (هـ)
- ئینسکلۆپیدیای هەولێر٥/ ٣٠٦ (هـ)

**مەهدی عوسمان هەروتی**
- ڕۆڵی سەربازیی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا ٧٤٩- ١٢٥٨ز/ ٢٧٣

**مەئموون بەگ بێگەبەگ**
- یاداشتەکانی مەئموون بەگ کوڕی بێگە بەگ فەرمانڕەوای شارەزوور.../ ١٣٤

## ن


**نازناز محەممەد عەبدولقادر**

- میرنشینییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا/ ١٤٥

**نووری دەرسیمی** (د)

- دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا/ ١١٧

**نۆیل باربەر**

- فەرمانڕەوایی قۆچی زێڕین- لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک/ ١١٩

**نیشتمان بەشیر محەممەد** (د)

- کورد و سەلجوقییەکان ١٠٢٩- ١١٢٧ز/ ٢٢٤

**نەبەز مەجید ئەمین** (د)

- دەوڵەتی ئومەوی و کەسایەتی خەلیفەکانی لە دید و بۆچوونی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناساندا/ ١٣٦
- عیسای هەکاری- چەند لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە ژیانی یەکێك لە سەرکردە ناودارەکانی کورد لە شەڕی خاچییەکاندا/ ١٤٠
- میر ئیبن مەشتوبی هەکاری ١١٧٩- ١٢٢٢ز/ ١٤٤

**نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو**

- کوردۆلۆجی/ ٣٣٥ (هـ)
- کوردۆلۆجی/ ٣٩٠ (هـ)

**نەجاتی عەبدوڵلا** (د)

- کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی- فارسی ١٦٣٩- ١٨٤٧/ ١٢٢

**نەجم خالد ئەڵوەنی**

- ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری/ ٧٤

**نەوشیروان مستەفا ئەمین (ساڵح محەممەد ئەمین)**

- کورد و عەجەم- مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران/ ٥٨
- میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا/ ٨٥
- میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا/ ٨٦
- لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا/ ٩٦
- کورد و عەجەم- مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران/ ١٩٣

# و

**واقدی؟**

- وڵاتگیری ڕەشە خاکی عیراق- فتوح سواد العراق/ ٧٧
- وڵاتگیری ڕەشە خاکی عیراق- فتوح سواد العراق/ ٢٠٨

**وریا ڕەحمانی**

- کوردستان و کورد لەڕوانگەی نەخشەوانییەوە/ ٣٣٤

**وەدیع جویدە**

- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانیدا ٣/ ٢٤٥

**ویل دورانت**

- مێژووی شارستانیەت- خۆرهەڵات لانکی شارستانیەت- بەرگی یەکەم/ ٤٠١

# ه


**هاشم حیجازی فەر**

- شا ئیسماعیلی یەکەم و شەڕی چاڵدێران/ ١٣٩

**هانس هەلبیك**

- لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا- بەشی یەکەم/ ٢٠١ (ه)

**هاوڕێ باخەوان**

- (هاوڕێنامە) بۆ مێژووی کوردستان و کورد/ ١٠٠
- کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە/ ١٥٤
